بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا
رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا
(1)

ئەی خەڵکینە لە خەشم و نارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆتان بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە کەسێك دروست کردووە، وە لەو کەسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناوە، وە لەو دوانە پیاوان و ژنانی زۆری هێناوەتەو کایەوە، هەروەها لەو خوایە بترسن کە سوێندی پی دەخۆن، (هەوڵ بدەن) پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن و (پتەوی بکەن) چونکە بە ڕاستی خوا (هەمیشەو بەردەوام) چاودێرە بەسەرتانەوە.

وَآتُواْ الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَتَبَدَّلُواْ الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَهُمْ إِلَى
أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا (2)

(خەڵکینە) ماڵ و سامانی بێ نەوایان بدەنەوە دەست خۆیان (کاتێ کە گەورە بوون و فامیان کردەوە)، چاکیان لێ مەگۆڕن بە خراپ، ماڵ و سامانیان تێکەڵ ماڵ و سامانتان نەکەن تا بیخۆن و (بیفەوتێنن) بەڕاستی ئەو کارە ستەمێکی گەورەیە.

وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى
وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ
تَعُولُواْ (3)

ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەری لەگەڵ کچە بێ باوکەکاندا (ئەگەر بیانکەنە هاوسەرتان، ئەوە واز لەوان بێنن)، لە ئافرەتانی تر چۆن بۆتان دەلوێت ژن مارە بکەن دوان یان سیان یان چوار (ئەڵبەتە لەیەك هاوسەر زیاتر مەرج و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە). خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەر بن (لە نێوان

هاوسەرەكانتاندا) یا هەر یەك هاوسەرتان هەبێت یا تەنها بە كەنیزەك (كە دیاردەیەكی كاتیە قەناعەت بكەن)، بەم شێوەیە دەتوانن كەمترین كەچڕەوی ئەنجام بدەن و خۆتان توشی سەغڵەتی نەكەن.

وَآتُواْ النَّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا (4)

مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕیی دڵفراوانی و ئاسودەیی یەوە، خۆ ئەگەر بە ئارەزوو ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێك مارەیی و بەخشییان بە ئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەكاری بێنن، وە بەبێ دوودڵی نۆشی بكەن.

وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاء أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا (5)

ماڵ و سامانتان مەبەخشن بە كەم عەقڵ و پیاو خراپان، كاتێک كە خوا كردویەتی بە هۆی ژیان و پایەداریتان، بەڵكو تەنها بەشیان بدەن بۆ خۆراك و پۆشاك، بە جوانیی و دروستیی قسەیان بۆ بكەن و (تەرەیان مەكەن).

وَابْتَلُواْ الْيَتَامَى حَتَّىَ إِذَا بَلَغُواْ النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُواْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُواْ وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُواْ عَلَيْهِمْ وَكَفَى بِاللّهِ حَسِيبًا (6)

بێ نەوایان تاقی بكەنەوە (بەوەی كە هەندێك پارەیان بدەنێ و خۆتان سەرپەرشتییان بكەن) هەتا ئەو كاتەی كە وەقەختی ئەوەیان دێت كە هاوسەر بگرن، ئەسا ئەگەر هەستتان كرد ژیرو سەلارن، پارەو سامانەكەیان پێ بدەنەوە.

نەکەن ماڵ و سامانیان بخۆن بە زیاد ڕەوی لە خەرج کردنیا لە ترسی ئەوەی نەوەکو گەورە بن و دەستتان ببەستنەوە جا ئەوەی کە دەوڵەمەندە با دەستی باپارێزێت، وە ئەوەش کە هەژارە با لە سنور دەرنەچێت و زیاد ڕەوی نەکات، کاتێ کە ماڵ و سامانەکەیان تەسلیم دەکەنەوە شایەتیان لێ بگرن (هەرچەندە) خوا بەسە بۆ لێپرسینەوەو چاودێری.

لِّلرِّجَالِ نَصيِبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا (7)

پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا لە باوان و خزمان بە میراتی لە دوایان بەجێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە بە میراتی لە باوان و خزمان بەجێ دەمێنێت، کەم بێت یان زۆر بەشی هەر کەسە دیاری کراوەو دەبێ بیدرێتێ.

وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُوْلُواْ الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا (8)

خۆ ئەگەر لە کاتی دابەشکردنی میراتی دا خزمان و هەتیوان و هەژاران ئامادە بوون، لەو میراتیە بەشیان بدەن، وە بە جوانی قسەیان بۆ بکەن و (پیایاندا هەڵمەشاخێن).

وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُواْ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُواْ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللّهَ وَلْيَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا (9)

دەبا ئەوانەی کە (دوور نیە بەم نزیکانە بمرن) خواناسی و ئاینداری بکەنە پیشەیان و گوفتاری چاك بەجێ بێڵن، چونکە لەوانەیە نەوەی لاوازو ساوایان لەدوا بەجێ بمێنێت و خەمیان بێت (داخۆ چییان بەسەر دێت، بێگومان خوا دەمێنێت بۆ منالّی جێماویان ئەگەر خواناس و گوفتار جوان بووبن).

إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا (10)

بەڕاستی ئەوانەی کە ماڵی هەتیوان بە ناحەق و ستەم دەخۆن، ئەوانە تەنها ئاگر دەکەنە سکی خۆیانەوە، (لە قیامەت)یشدا دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ فَإِن كُنَّ نِسَاء فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلأُمِّهِ السُّدُسُ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَآؤُكُمْ وَأَبناؤُكُمْ لاَ تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيما حَكِيمًا (11)

خوا ڕێنموونییتان دەکات دەربارەی نەوەکانتان لە بواری میراتی گرتندا (ئەویش ئەوەیە) کە بەشی نێرینە دوو ئەوەندەی بەشی مێینەیە، (ئەڵبەتە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت بەگشتی ڕێزدارە لە ئیسلامدا، ئەگەر دایکە، ئەوا بەهەشط لەژێر پێیایەتی و لەلایەن کوڕانیەوە ئەپەڕێ ڕێزی هەیە و ژیانی مسۆگەرە، ئەگەر هاوسەرە ڕێزی هەیە لای مێردەکەیی و دەبێت ژیانی مسۆگەر بکات، ئەگەر خوشکەو لای برایەتی یاخود کچەو لە ماڵی باوکی دایە بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوە، ئەوپەڕی دادپەروەریە کە ئافرەت نیوەی پیاوی بەرکەوێت لە میراتیدا، چونکە ئەو ئەرکێکی پیرۆزی لە ئەستۆدایە، کە ئەویش بەرهەمهێنانی ئادەمیزادو بەخێوکردنیەتی، وە ئەرکی سەرشانی هەموانیشە کە ژیانی دابین بکەن، هەروەها ئەرکی سەشانی حکومەتی ئیسلامیە کە مانگانە ببڕێتەوە بۆ ئافرەتان بە گوێرەی ئەرکی سەرشانیان و منداڵیان). خۆ ئەگەر ژمارەی ئافرەتان لە دوان زیاتر بوون ئەوە دوو بەش لە سێ بەشی میراتیەکە لەوان بەش دەکرێت، خۆ ئەگەر مردوەکە تەنها کچێکی هەبوو ئەوە نیوەی دارایییەکەی دەدرێتێ وە شەش یەکیش دەدرێ بە دایك و باوکی ئەگەر مردوەکە منداڵی هەبوو، خۆ ئەگەر مردووەکە منداڵی نەبوو، تەنها دایك و باوکی هەبوو ئەوە دایکی سێ یەکی دەباو ئەوی

تریشی بۆ باوکی دەبێت، خۆ ئەگەر جگە لە دایك و باوکی براو خوشکی هەبوو ئەوە شەش یەکی میرات بۆ دایکی دەبێت، ئەمانە هەمووی دوای وەسیەت و دیاری کردنی قەرزو قەرزاری دەبێت ئێوە نازانن کە باوانتان و نەوەکانتان کام لایان سودی زیاترە بۆتان (لەبەر ئەوە بەگوێرەی فەرمانی خوا میراتی دابەش بکەن، بەم شێوەیە میراتی دابەش کردن) فەرزە لەسەرتان کە پەیڕەوی بکەن چونکە لەلایەن خواوەیە، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام داناو زانایە.

وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلاَلَةً أَو امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ فَإِن كَانُوَاْ أَكْثَرَ مِن ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاء فِي الثُّلُثِ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَآ أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّ وَصِيَّةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ (12)

هەروەها نیوەی میراتی ژن دەدرێت بە مێردەکەی ئەگەر مناڵی نەبوو، خۆ ئەگەر مناڵی هەبوو ئەوە چواریەکی میراتی بۆ ئەو (حاڵەتانەیە) ئەمانە هەمووی دوای بەجێ هێنانی ڕاسپاردەیەك دەبێت کە ئەنجامتان دابێت، هەروەها دیاری کردنی قەرزو قەرزاریان، وە بۆ ژنان چورا یەکی میراتی بڕیار دراوە ئەگەر مێردەکەی مناڵی لەدوا بەجێ نەمابێت، خۆ ئەگەر پیاوەکە مناڵی هەبوو ئەوە هەشت یەکی بۆ ژنەکە دەبێت لەوەی کە بە میراتی لێتان بەجێ ماوە، ئەمانە هەمووی دوای ئەوەی کە ڕاسپاردە دەکەن و قەرزو قەرزاری خۆتان دیاری دەکەن، خۆ ئەگەر پیاوێك یا ئافرەتێك مرد (مناڵ و باوك و باپیری نەبوو) بڵکو خوشك یا برای هەبوو، ئەوە شەش یەك بەشی هەریەکەیان دەبێت، خۆ ئەگەر لەوە زیاتر بوون ئەوە هەموویان بەشیان هەیە لە سێ یەکی میراتیەکەدا (بە یەکسانی ژن و پیاو) ئەمانە هەمووی دوای ڕاسپاردەیەك دەکرێت، وە قەرزو قەرزاریەك کە زیانبەخش نەبێت، ئەنجام دەدرێت (مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە چاوپۆشی نەکا لە قەرزێکی زۆر کە هەیەتی، یا

قەرزارێکی زۆرەو نەدرێتەوە)، ئەمانە هەر هەمووی ئامۆژگاری و ڕێنمونی و فەرمانی خوایە، وە ئەو خوایە داناو زانایە.

تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (13)

(ئەمانە کە باس کران دەربارەی هەتیوان و چۆنیەتی دابەشکردنی میراتی) هەمووی سنورو فەرمانی خوایە، وە ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بکات دەیخاتە ناو باخ و باخاتی بەهەشتەوە کە جۆبارو ڕوبار بەژێر درەختەکانیا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، وە هەر ئەوەشە سەرفرازیی گەورەو دەسکەوتی بێ سنور.

وَمَن يَعْصِ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ (14)

(بەڵام) ئەوەی یاخی بێت لە خواو پێغەمبەرەکەی، وە دەستدرێژی بکاتە سەر سنورەکەی، دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە کە بۆ هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە، وە سزایەکی سەرشۆڕ کەرو خەجاڵەت ئاوەری بۆ هەیە.

وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّىَ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا (15)

ئەو ئافرەتانەتان کە توشی تاوانی زینا دەبن چوار شایەتیان لە خۆتان لێ بگرن، جا ئەگەر شایەتیان دا، ئێوە لە ماڵدا بەندیان بکەن تا مردن یەخەیان پێ دەگرێت یان خوا دەروویەکیان لێ دەکاتەوە.

وَاللَّذَانَ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا (16)

ئەو ژن و پیاوەتان، یا ئەو کوڕو کچەتان کە زینایان لە دەست دەقەومێت، ئێوە لێیان بدەن و ئازاریان بدەن و، خۆ ئەگەر تەوبەیان کردو خۆیان پەروەردەو چاك کرد ئێوە وازیان لێ بێنن (تەعنەیان لێ

مەدەن، بە چاوی سوك تەماشایان نەكەن) چونكە بەڕاستی خوا هەمیشە تەوبە وەرگرەو بەڕەحم و میهرەبانیشە.

إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوَءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَئِكَ يَتُوبُ اللّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (17)

خوای گەورە تەنها ئەو تەوبەو پەشیمانیەی لەسەرە وەری بگرێت، وە ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە گوناهو نادروستی بە نەفامی و نەزانی ئەنجام دەدەن و پاشان بە زوویی تەوبە دەكەن و پەشیمانی دەردەبڕن، ئا ئەو جۆرە كەسانە خوا تەوبەیان لێ وەردەگرێت، وە هەمیشەو بەردەوام خوا زانایە (بەوەی كە بە نەزانیی و نەفامی هەڵەو گوناه ئەنجام دەدات) وە دانایەو (دەزانێت كە ئادەمیزاد هەندێك جار لاوازیی ڕووی تێدەكات و بە هەڵەدا دەچێت، لەبەرئەوە نائومێدی ناكات).

وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ وَلاَ الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (18)

تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەو كەسانە نیە كە بەردەوامن لەسەر گوناهو تاوان، وە كاتێ كە مردن یەخەی بە یەكێكیان گرت و ئەوكاتە بڵێ: ئەوە ئیتر من لە ئێستەوە تەوبە دەكەم، تەوبە لەوانەش وەرناگیرێت كە بە كافری دەمرن، بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە هەموویان سزایەكی بە ئێشمان بۆ ئامادە كردوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهًا وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلاَّ أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا (19)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دروست نیە بۆتان ژنان بە زۆر بكەنە میراتی خۆتان و دەستیان بە سەردا بگرن، (وەكو كەل و پەلی تری ناوماڵ)، زۆریان لێ مەكەن تا هەندێك مارەیی تان بۆ بگەڕێننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێكی ئاشكراو دیاریان ئەنجام دا، وە با ڕەفتارو كردارو گوفتارتان چاك و جوان بێت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر خۆشتان

نەویستن و لێیان بێزار بوون، دور نیەو دەشێت حەزتان لە شتێك نەبێت و خوا بیکات بە مایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنور.

وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلاَ تَأْخُذُواْ مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا (20)

خۆ ئەگەر ویستان هاوسەرێك بخەنە جێگەی هاوسەرێکی تر، وە مارەیی یەکەی (ئاڵتون و سامانێکی) زۆر بوو، نابێ هیچ شتێکی لێ بگێڕنەوەو لێی کەم بکەنەوە. ئایا نارەوایی و گوناهو ستەمێکی ئاشکرای ئاوا ئەنجام دەدەن و دەستی بەسەردا دەگرن؟!

وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا (21)

(چۆن دروستە مارەییان لێ وەرگرنەوە) لە کاتێکدا کە ئێوە چونەتە لای یەك و ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێ وەرگرتوون (لە کاتی مارەکردنیاندا).

وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاء سَبِيلًا (22)

نەکەن ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە پێشتر هاوسەری باوکتان بوون مەگەر ئەوەی کە ڕابووردو (لە سەردەمی نەفامیدا پێش حەرام کردنی) بەڕاستی ئەو کارە گوناهێکی زۆر گەورەو ناشرین و ناپەسەندە و ڕێبازێکی خراپە.

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (23)

(ئەو جۆرە کەسانە) حەرام کراوە (مارە بکرێن): دایکتان، کچەکانتان، خوشکەکانتان، پورەکانتان، (خوشکی باوك)، پورەکانتان (خوشکی دایك)، برازاتان، خوشکەزاتان، ئەو دایکانەی کە شیریان داونەتێ، خوشکە شیریەکانتان، دایکی هاوسەرتان (خەسوو)، ئەو کچانەی لە پیاوێکی ترن و لای ئێوە دەژین و پەروەردە دەبن و لەو ژنانەتانن کە چونەتە لایان (واتە زڕ کچەکانتان)، خۆ ئەگەت نەچووبنە لای دایکی ئەو جۆرە کچانە ئەوە دروستە مارەیان بکەن، (هەروەها حەرامە) هاوسەری ئەو کوڕانەتان مارە بکەن کە لە پشتی خۆتانن (واتە بوکەکانتان)، (هەروەها حەرامە) دوو خوشکیش پێکەوە بکەنە هاوسەری خۆتان، چاوپۆشی لەوەی کە لە ڕابردوودا لەو بابەتانە ڕووی داوە دەکرێت، بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە.

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءِ ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (24)

(هەروەها حەرامە) لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکانتان (کە لەو زەمانەدا باو بووە) (ئەم سنورانە) خوا بڕیاری داوە لەسەرتان، جگە لەوانەی کە باس کران، حەڵاڵە بۆتان کە بەهۆی ماڵ و داراییتانەوە هاوسەر بگرن (تا چوار ئافرەت) تا پاك داوێن بن و لە سنوری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ، وە گوناهیش نیە بۆ پیاوان کە لە سەر کەم کردنەوەی مارەیی ڕێکەوتن لەگەڵ هاوسەرکانیاندا، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو دانایە.

وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مِّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلاَ مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ

مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ وَأَن تَصْبِرُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (25)

ئەوەی کە نەیتوانی لەبەر دەست کورتیی، ئافرەتانی سەربەستی باوەڕدار مارە بکات، با کەنیزەکە ئیماندارەکان بخوازێت، وە خوا خۆی چاك دەزانێت کە ڕادەی ئیمانتان چەندەو چۆنە، ئێوە هەندێکتان لە هەندێکتانن (هەمووتان لە ئادەم و حەوان، ئەم جیاوازیە چینایەتیە شتێکی کاتیە لەبەر ئەوە ئەو کەنیزەکانە) مارە بەکنە لەسەر ڕەزامەندی کەس و کارو خاوەنەکانیان، وە مارەیی یان بەچاکی پێ ببەخشن، ئەو کەنیزەکانەش دەبێت پاك داوێن بن و دووربن لە داوێن پیسی و دۆست گرتنەوە، خۆ ئەگەر شویان کردو لەوەودوا داوێن پیسیەکیان ئەنجام دا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتانی سەربەست دەدرێن (چونکە ئازادی تەواویان نەبووە لەو سەردەمەدا).

(مارە کردنیان) بۆ ئەوانەتانە کە دەترسێت توشی هەڵەو گوناه بێت، خۆ ئەگەر خۆڕاگر بن (تا خوا دەروتان لێ دەکاتەوە) ئەوە چاکترە بۆتان، خوایش لێخۆشبوو میهرەبانە.

يُرِيدُ اللّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (26)

بێگومان خوا دەیەوێت (بەم شیوەیە) هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکاتەوەو ڕێنموویی تان بکات بۆ ئەو یاساو بەرنامانەی پێش خۆتان (لە جیهانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکاندا) وە تەوبەو پەشیمانیتان لێ وەربگرێت، وە خوا زاناو دانایە.

وَاللّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن تَمِيلُواْ مَيْلاً عَظِيمًا (27)

خوا دەیەوێت تەوبەو پەشیمانیتان لێ وەربگرێت و لە هەڵەکانتان خۆش ببێت، (بەڵام) ئەوانەی کە شوێن ئارەزوات و هەوەسرانی کەوتوون دەیانەوێت لە خشتەتان بەرن و تووشی لادانێکی گەورەتان بکەن.

يُرِيدُ اللّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ وَخُلِقَ الإِنسَانُ ضَعِيفًا (28)

خوا دەیەوێت (بەم بەرنامەو ڕێبازانە کاری) ئێوە ئاسان بکات چونکە ئادەمیزاد بەلاوازی دروست کراوە (لەبەرامبەر ئارەزواتیەوە، کەم خۆڕادەگرێت).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا (29)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بەناحەق مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانیەك بێ و لەسەر ڕەزامەندی هەموو لایەکتان بێت، خۆتان مەکوژن و (یەکتر بە ناحەق مەکوژن، کاتێ کە بێزاری و بێ تاقەتیی ڕووتان تێ دەکات یان توشی زیانێك دەبن)، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان.

وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللّهِ يَسِيرًا (30)

هەر کەسێك کاری وا بکات (سامانی خەڵکی بە ناحەق بخوات یان ۆخی بکوژێت) بە دوژمنایەتی و ستەمکردن، ئەوە دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوەش بۆ خوا هەمیشەو بەردەوام ئاسانە.

إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلاً كَرِيمًا (31)

ئەگەر خۆتان بپارێزن لەو گوناهە گەورانەی کە قەدەغە کراوە، ئەوە لە گوناهە گەورەکانتان خۆش دەبین، وە دەتانخەینە جێ یەکی خۆش و سازگارو ڕێزدارەوە (کە بەهەشتی بەرینە).

وَلاَ تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ اللّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُواْ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُواْ اللّهَ مِن فَضْلِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا (32)

ئارەزووی شتێك مەكەن كە خوا بەخشیویەتی بە هەندێكتان و (نەی بەخشیوە بە هەندێكتان، چونكە خوا دادپەروەرەو یاساكانی لە ڕووی زانستی و حیكمەتەوەیە، كاتی هەندی مافی داوە بە پیاوان، لە هەندێک ڕووی تریشەوە مافی داوە بە ئافرەتان...هتد). پیاوان، ماف و بەشیان هەیە لەوەی كە بەدەستی دەهێنن (لە دنیادا، لە قیامەتیشدا هەرلایەك بەرەنگاری كارو كردەوەی خۆی دەبێت)، هەمیشەو بەردەوامیش داوای بەخشش و بەهرەی خوا بكەن، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام بەهەموو شتێك زانایە.

وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا (33)

بۆ هەر (میرات گرێك) كەسانێكمان دیاری كردووە كە هەستن بە دابەشكردنی ئەو (شتانەی) كە لە دایك و باوك و خزمان بەجێ ماوە (تا بە دادپەروەری وەكو دیاریمان كردووە دابەشی بكەن) وە بۆ ئەوانەش كە پەیمانتان لەگەڵ بەستوون كە میرات لە یەك بگرن، مافی ئەوانیش بدە، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام شایەتە بەسەر هەموو شتێكدا.

الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا (34)

پیاوان مافی سەرپەرشتیان هەیە بەسەر ژناندا، ئەمەش بڕیاری خوایە فەزڵ و ڕێزی هەندێك دەدات بەسەر هەندێكی تردا (سەرەڕای ئەوەی كە) پیاوان ماڵ و سامانیان دەبەخشن (لە پێناوی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا) لەولاشەوە ئافرەتانی (ژیر) چاك و پاكن، لە خواترسن، نهێنی نێوان خۆیان و مێردەكانیان دەپارێزن كە (ئەمەش خۆی لە خۆیدا بجێ هێنانی فەرمانی خوایە)، ئەگەر ترسان لە سەركەشیی و سەرپێچی هاوسەرتان، سەرەتا ئامۆژگاریان بكەن، (ئەگەر سودی نەبوو) لێیان بدەن (بە مەرجێك لێدانەكە لە دەم و چاو نەبێت و ئاسەوار بەجێ نەهێڵێت)، ئەگەر بەم هۆیانە لادان و یاخی

بوون وازیان هێنا، ئەوە ئیتر ستەمیان لێ مەکەن و ڕێگەی تر مەگرنە بەر (بۆ ئازاردانیان) بێگومان خوا بەرزو بڵندو گەورەیە. (ئەگەر ستەمیان لێ بکەن تۆڵەتان لێ دەسێنێت).

وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا (35)

خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نێوان ژن و مێرد بشێوێ و (کێشەیان چارەسەر نەکرێت)، دادوەرێك لە خزمی پیاوەکەو دادوەرێك لە خزمی ژنەکە بنێرن (بۆ ڕێکخستنیان) ئەگەر ئەو دوو کەسە مەبەستیان ڕێکخستنیان بێت، خوا پێکهاتن فەراهەم دێنێت لەنێوان ژن و مێردەکەدا، بێگومان خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو ئاگایە.

وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا (36)

(ئەی خەڵکینە) تەنها خوا بپەرستن و هیچ جۆرە شەریك و هاوەڵێکی بۆ بڕیار مەدەن، وە چاکەکار بن لەگەڵ دایك و باوکتان و خزمان و هەتیوان و هەژاران و دراوسێی خزم و (دراوسێی نزیك) و دراوسێی بێگانە و (دراوسێی دوور) وە هاوەڵی کارو سەفەرو ڕێبوارو ژێر دەستەکانتان، بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش ناوێت کە خۆ دەنوێنن و فیز دەکەن و فەخر دەفرۆشن بەسەر خەڵکیدا.

الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ مَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (37)

ئەوانەی کە ڕەزیلی دەکەن و فەرمان دەدەن بە خەڵکی کە ڕەزیل بن، وە ئەو شتانەی کە خوا پێی بەخشیوون (لە ماڵ و سامان و زانستی) دەیشارنەوە و(نایەڵن کەس سودی لێ وەرگرێت) (ئەوە بزانن) کە ئێمە بۆ خوا نەناسان سزایەکی سەرشۆڕکەرمان ئامادە کردووە.

وَالَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَن يَكُنِ الشَّيْطَانُ لَهُ قَرِينًا فَسَاء قِرِينًا (38)

ئەوانەش کە ماڵ و سامانیان بۆ ڕووپامایی خەڵکی دەبەخشن، نە باوەڕیان بە خوا هەیە، نە بە ڕۆژی قیامەت (دیارە کە شەیتان ئەوانی لە خشتە بردووەو کردونی بە هاوەڵی خۆی) جا ئەوەی شەیتان بکاتە هاوەڵ و هاودەمی خۆی (مەگەر خوا بزانێت) چ ناپوخت و نالەبارێکی کردۆتە هاوەڵی خۆی.

وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ آمَنُواْ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقَهُمُ اللّهُ وَكَانَ اللّهُ بِهِم عَلِيمًا (39)

چی دەبوو؟ چیان بەسەر دەهات؟ (ئەو خەڵکە) ئەگەر باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی بهێنایەو لەو ڕزق و زۆریەی کە خوا پێی بەخشیون بیان بەخشیایە (جگە لە سودو قازانجی بێ سنور لە هەردوو دنیادا) خۆ خوا هەمیشەو بەردەوام ئاگای لێیانە و زانیاری هەیە دەربارەیان.

إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا (40)

بەڕاستی خوا بەقەد تۆزقاڵێك ستەم لە (ئادەمیزاد) ناكات، خۆ ئەگەر چاكەیەك هەبێت (بەرەكەتی بەسەردا دەڕێژێت و) چەند بەرابەری دەكات، وە لەلایەن خۆیەوە پاداشتی گەورەو بێ سنور دەبەخشیت (بەچاكەخوازان).

فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلاء شَهِيدًا (41)

داخۆ حاڵی ئەو خەڵكە چۆن دەبێت كاتێك كە هەر میللەتێک شایەتی لەسەر دەدرێت لەلایەن ئەو پێغەمبەرەوە كە بۆی ڕەوانە كراوە، وە ئێمە (ئەو ڕۆژە) تۆ (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) دەكەینە شایەت بەسەر ئەو خەڵكەوە (كە پەیامی خوات پێ ڕاگەیاندون).

يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ الرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّى بِهِمُ الأَرْضُ وَلاَ يَكْتُمُونَ اللّهَ حَدِيثًا (42)

ئەو ڕۆژە ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕ بوون و لە پێغەمبەر یاخی بوون، ئاواتە خوازن کە زەویان پێ تەخت بکرایەو (هەر لە توێی خاکدا وون بونایە و زیندوو نەکرانایەتەوە)، وە ناتوانن هیچ گوفتارێکی پەنهانیان لە خوا بشارنەوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاء أَحَدٌ مِّنكُم مِّن الْغَآئِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا (43)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژ مەکەون لە کاتێدا کە ئێوە سەرخۆشن (ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا عەرەق و شەراب حەرام نەکرابوو)، (هەتا ئاسەواری سەرخۆشی نامێنێت و) دەزانن چی دەڵێن (لە نوێژەکەدا) وە بە لەشی بێ نوێژیشەوە (نوێژ مەکەن) مەگەر ڕێبوار بن و لە سەفەردابن، هەتا خۆتان نەشۆن، خۆ ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یا لەسەر ئاو گەڕانەوە، یا نزیکی ئافرەتانی (هاوسەرتان) کردبوو، ئەوجا ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆ خۆشتن) ئەوا تەیەموم بکەن بە خاکێکی پاك، وە (بەو خاکە) دەست بێنن بە سەر دەم و چاوو دەستان دا، بێگومان خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆش بوەو گوزەشت و چاوپۆشی هەیە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يَشْتَرُونَ الضَّلاَلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّواْ السَّبِيلَ (44)

ئایا نابینی ئەوانەی کە نەهرەی هەندێک لە کتێبە ئاسمانیەکانیان دراوەتێ، ئەوانە گومڕایی دەکڕن و دەیانەوێت ئێوەش گومڕاو سەرلێ شیواو بن.

وَاللّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَائِكُمْ وَكَفَى بِاللّهِ وَلِيًّا وَكَفَى بِاللّهِ نَصِيرًا (45)

خوای گەورەش چاك دوژمنەكانتان دەناسێت، جا تەنها خوا بەسە كە یارو یاوەر بێت، وە تەنها خوا بەسە كە پشتیوان بێت.

مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاسْمَعْ وَانظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَكِن لَّعَنَهُمُ اللّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلاً (46)

هەندێک لە جوەكان قسە لا جێی خۆیدا دەستكاری دەكەن و بە ئارەزووی خۆیان لێكی دەدەنەوە (وە بە كینەو گاڵتەوە) دەڵێن: بیستمان و بە قسەشت ناكەین!!وە گوێ بگرەو با گوێشت لێ نەبێت!! (هەروەها دەیان ووت:) (راعنا) و دەمیان بۆ خوار دەكردەوە تا مانایەكی هەڵە ببەخشێت و ببێتە تەعنەو رەخنە لە دین، خۆ ئەگەر بیانگوتایە: بیستمان و گوێڕایەڵێن، وە تۆیش گوێمان بۆ بگرەو مۆڵەتمان بدە (تا تێ دەگەین) چاكترو ڕاستتر بوو بۆیان، بەڵام (چونكە پاك نین و دەروون نەخۆشن) خوا نەفرەتی لێ كردوون بەهۆی كوفریانەوە، ئەوانە باوەڕ ناهێنن مەگەر زۆر كەمیان.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ آمِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللّهِ مَفْعُولاً (47)

ئەی ئەوانەی كە كتێبتان پێ بەخشراوە باوەڕ بێنن بەو (قورئانەی) كە ناردومانەو لەلایەن ئەو كتێبەشەوە پەسەند كراوە كە لە لای ئێوەیە. پێش ئەوەی (ڕۆژێك بێت) كە ڕوخسارانێكی (بێ دین) پان و پلیش بكەینەوەو ئاسەواری دەم و چاو نەیەڵین و وەكو پشتی سەری لێ بكەین، یاخود نەفرینیان لێ بكەین وەكو چۆن نەفرینمان لە خەڵكانی ڕۆژانی شەموان كرد (ئەوانەی كە بەفێڵ ڕاوەماسی یان كردو فەرمانی خوایان شكاند)، بێگومان هەر فەرمانی خوایە كە هەمیشەو بەردەوام ئەنجام دراوە.

إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا (48)

بەڕاستی خوا خۆش نابێت گەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت، جا ئەوەی هاوەڵ و شەریك بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە ئیتر بەڕاستی تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُمْ بَلِ اللّهُ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ وَلاَ يُظْلَمُونَ فَتِيلاً (49)

ئایا دەبینی و (ئاگاداری) لەو کەسانەی کە خۆیان دەپاڵێون و خۆیان بە چاك دەنوێنن (دەڵێن ئێمە هەڵبژاردەی خواین) ئەوە وا نیە، بەڵکو خوا (بەندەکانی دەناسێت) و هەرکەس (شایستە بێت، پەسەندی دەکات) و دڵ و دەروونی خاوێن دەکات، وە ئەوانە بەقەدەر تاڵی ناوکی خورما ستەمیان لێ ناکرێت.

انظُرْ كَيفَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الكَذِبَ وَكَفَى بِهِ إِثْمًا مُّبِينًا (50)

سەرنج بدەو تەماشا بکە چۆن (خاوەنانی کتێبی ئاسمانی) درۆ بە دەم خواوە دەکەن (وە بێ باکانە دەڵێن عوزەیر یا مەسیح کوڕی خوان) بێگومان ئەو درۆو بوختانەیان گوناهێکی زۆر ئاشکرایە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً (51)

ئایا نابینی و سەرنج نادەی لەوانەی کە بەهرەیەکیان لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە (کەچی لەگەڵ ئەوەشدا) باوەڕیان بە فاڵچی و جادو گەرو بت و پەیکەر هەیە، دەربارەی ئەوانەش کە کافرن دەڵێن: ئەوانە چاکترن و ڕێبازی ڕاستتریان گرتوە لەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان (بە ئاینی ئیسلام هێناوە).

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللّهُ وَمَن يَلْعَنِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا (52)

ئەو (جولەکانە) کەسانێکن کە نەفرینی خوایان لەسەرە، ئەوەی خوا نەفرینی لێ بکات، ئیتر هیچ کەست دەست ناکەوێت بیکەیتە پشتیوانی.

أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّنَ الْمُلْكِ فَإِذًا لاَّ يُؤْتُونَ النَّاسَ نَقِيرًا (53)

مەگەر ئەوانە هەندێک پاشایەتیان دەست کەوتووە؟ تا بەقەدەر تۆزقاڵێك ناوکی خورما بە خەڵکی نەدەن.

أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ فَقَدْ آتَيْنَآ آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا (54)

یا هەر ئەوەیە کە حەسادەت و بەخیلی دەبەن بە خەڵکی (ئیماندار) لەسەر ئەوەی کە خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەشی داون (وە پێغەمبەری لە ناویاندا هەڵبژاردووە) بێگومان ئێمە بە نەوەی ئیبراهیم کتێبمان بەخشیوە (بە موسا تەورات و بە عیسا ئینجیل، وە بە محمد صلی الله علیه وسلم قورئان) هەروەها لە جۆرەها دانایی بەهرەوەرمان کردوون وە (بە هەندێکیان) وەك (یوسف و داودو سولەیمان) پاشایەتیەکی گەورەمان بەخشیوە.

فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُ وَكَفَى بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا (55)

جا هەیە لەو خەڵکە باوەڕیان بە (محمد صلی الله علیه وسلم، بە قورئان) هێناوە، هەشیانە بەرپەرچی داوەتەوە، جا دۆزەخ بەسە (بۆ ئەو یاخیانە کە ئامادەیەو کڵپەی سەندووە.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ الْعَذَابَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا (56)

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان نیە بە ئایەتەکانی ئێمە لە ئایندەدا دەیانخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە، هەرکاتێ پێستیان داوەشاو سوتا، پێستی تر دەکەین بە بەریاندا، تا بەچاکی سزاو ئازار بچەژن. بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام باڵا دەستەو (دەتوانێت تۆڵە لە خوانەناسان بسەنێت)، دانایە (کە مۆڵەتیان دەدات).

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا لَّهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلاًّ ظَلِيلاً (57)

ئەوانەش كە باوەڕیان هێناوەو كارو كردەوەی چاكە ئەنجام دەدەن لە ئایندەیەكی نزیكدا دەیانخەینە ناو باخ و باخاتی بەهەشتەوە كە جۆبارو ڕووبارر بەژێر (درەختەكانی داو بە بەردەم كۆشكەكانی دا) دەڕوات، وە لەوێدا ژیانی هەمیشەیی و بەردەوام دەبەنە سەر، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەری پاك و بێگەردو خاوێن و پاكیزەدا، هەروەها دەیانخەینە ژێر سایەی سێبەری جوان و ڕازاوەی هەمیشەیی یەوە (نە گەرمایان دەبێت، نە سەرما).

إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (58)

بێگومان خوا فەرمانتان پی دەدات كە ئەمانەت بدەنەوە دەست خاوەنەكەی، هەركاتێكیش دادوەریتان كرد لە نێوان خەڵكیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بكەن، بەڕاستی خوا بە جوانترین و چاكترین و تەواوترین شێوە ئامۆژگاریتان دەكات، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام بیسەرو بینایە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً (59)

ئەی ئەوانەی بەاوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواكان بكەن كە لە خودی خۆتانن، خۆ ئەگەر لە شتێكدا بوو بە كێشەتان، ئەو كێشەیە بگێڕنەوە بۆلای خواو پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم، (كە پیادە كردنی قورئان و سونەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتار كردنتان) بەو شێوەیە چاكترو ڕونترو ڕەوانترە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا (60)

ئایا نابینیت و سەرسام نیت لەو (جولەکانەی) کەوا نیشان دەدەن کە باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانە کراوە، وە بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانە کراوە (بۆ پێغەمبەران) کەچی دەیانەوێت ڕوو بکەنە زۆردارو جادوگەرو خوانەناسان تا دادوەرییان لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لە کاتێکدا کە فەرمانیان پێ دراوە کە باوەڕیان بە شتی ناڕاست و نادروست نەبێت، شەیتانیش دەیەوێت بەروە گومڕاییەکی دوورو بێ سنور بیان بات.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا (61)

کاتێ کە پێیان دەوترا وەرن بەدەم بانگەوازی خواوە، وە بۆ لای ئەو (قورئانەی) کە خوا ناردویەتی، وە ڕوو بکەنە پێغەمبەرەکەی (بۆ چارەسەری کێشەکانتان) کەچی دەبینی کە دووڕووەکان پشتت تێ دەکەن و ڕووت لێ وەردەگێڕن.

فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآؤُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللّهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلاَّ إِحْسَانًا وَتَوْفِيقًا (62)

ئاخۆ ئەوانە حاڵیان چۆن بێت کاتێک بەهۆی ڕەفتاری نادروستیانەوە توشی بەڵایەك دەبن (کەچی لەوەودوا کە پەنایان نامێنێت) هاوار بۆ تۆ دێنن وسوێند بە خوا دەخۆن: لەو کارەماندا مەبەستمان تەنها چاکەکاری و ڕێکخستنی ڕیزەکانە.

أُولَئِكَ الَّذِينَ يَعْلَمُ اللّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغًا (63)

ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا خۆی چاك دەزانێت چی لە دڵ ودەرونیاندا حەشار دراوە، ڕەفتاری ئەوانە پشت گوێ بخە (بەڵام) ئامۆژگاریان

بکە، وە قسەی بە پێزو بەتوێکڵی وایان پێ بڵێ کە بە قوڵایی دەروونیانا بچێتە خوارەوە.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللّهِ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا (64)

هیچ فرستادەیەکمان نەناردووە کە فەرمان نەدرابێت بە گوێڕایەڵی بۆی، وە بڕیاری ملکەچی بۆ نەدرابێت بە فەرمانی خوا (چونکە فەرمانبەرداری پێغەمبەر فەرمانبەرداری خوایە). خۆ ئەگەر (ئەو خەڵکە) کاتێ ستەمێکیان لەخۆیان کرد (دوایی بەخۆیانا چونەوەو) هاتن بۆ لای تۆو (پەشیمان بوون) وە داوای لێخۆش بوونیان لەخوای گەورە دەکرد، پێغەمبەریش داوای لێ خۆشبونی بۆ کردن، بێگومان ئەوکاتە دەبینن کە خوا تەوبە و پەشیمانی وەرگرەو میهرەبان و دلۆڤانە (ئەگەر بەڕاستیان بێت).

فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا (65)

نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانە ئیمان وباوەڕیان دامەزراو نابێت هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوو دەدات لە نێوانیاندا تۆ نەکەین بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرانبەر ئەوەیت کە دادوەریت لەسەر کردووە، وە دەبێت بە تەواوی تەسلیم بن و ڕازی بن.

وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُواْ مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلاَّ قَلِيلٌ مِّنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا (66)

خۆ ئەگەر ئێمە بڕیارمان بدایە لەسەریان کە یەکتر بکوژن، یا وڵاتتان بەجێ بێڵن، نەیان دەکرد مەگەر کەمێکیان نەبێت (چونکە بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوا بەبێ چەن و چون پیشەی بەندە ڕاستەقینەکانە، ئێمەش ئەو داخوازیەمان لێ نەکردوون)، بەڵام ئەگەر بە گوێرەی ئامۆژگاری

ڕەفتار بکەن، ئەوە چاکترە بۆیان و بەوە چاکتر دامەزراوتر دەبن (لەسەر ڕاستی و حەق).

وَإِذًا لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا (67)

ئەوکاتە ئیتر لەلایەن ئێمەوە پاداشتی گەورەو بێ سنوریان پێ دەبەخشرێت.

وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا (68)

بەتەواوی هیدایەت و ڕێنمویمان دەکردن بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست.

وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا (69)

ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر بکات، ئا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتی بەریندا) کە خوا نازو نیعمەتی ڕژاندوە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاو چاکان، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی (بێ وێنەن).

ذَلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللّهِ وَكَفَى بِاللّهِ عَلِيمًا (70)

ئەم ڕێزو قەدرە لەلایەن خواوەیە (بۆ ئەو بەختەوەرانە) وە خوا خۆی بەسە کە زانیاری تەواوی هەیە (دەربارەیان).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ خُذُواْ حِذْرَكُمْ فَانفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ انفِرُواْ جَمِيعًا (71)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئاگاداری خۆتان بن، دەستە دەستە یا هەمووتان یەك پارچە (بەرەو بەرەکانی جەنگ) هەڵمەت بەرن و هێرش ببەن، (هەر کاتێك لەلایەن سەرکردایەتیەکی متمانە پێکراوەوە داواتان لێ کرا).

وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيدًا (72)

(دەستەیەك دوو ڕووو هەیە) لە ناوتانا خۆیان دوا دەخەن، ئەگەر بەڵایەك بەسەر ئێوە بێت (هەریەك لەوانە) دەڵێت: بەڕاستی خوا چاكی بۆ كردن كە لەگەڵ ئەواندا ئامادەی (ئەو جەنگە) نەبوم.

وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ الله لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُن بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَا لَيتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا (73)

خۆ ئەگەر فەزڵ و دەستەوتێكتان لە خواوە دەست كەوت بە ڕا شكاوی دەڵێن، هەروەك لە نێوان ئێوەو ئەو جۆرە كەسانەدا دۆستاییەتی و ئاشنایەتی نەبوبێت، خۆزگە لەگەڵ ئەواندا بومایە و دەستكەوتی چاك و زۆرو زەبەندەم بەدەت بێنایە.

فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيُقْتَلْ أَو يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (74)

دە با بجەنگن (دژ بە كۆسپ و لەشكری تاریكی) ئەوانەی كەلە پێناوی خوادا دەیانەوێت ژیانی دنیا بفرۆشن و قیامەتی پێ بكڕن، هەركەس بجەنگێت لە پێناوی خوادا ئەگەر بكوژرێت و شەهید ببێت، یا سەركەوێت، ئەوە لە ئایندەدا پاداشتی گەورەو بێ سنوری پێ دەبەخشین.

وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا (75)

(ئەی ئیمانداران) ئەوە چیتانەو بۆچی ناجەنگن لە پێناوی خوادا بۆ ڕزگار كردنی لاواز كراوو چەوساوەكان، لە پیاوان و ئافرەتان و منداڵان، ئەوانەی كە دەڵێن: پەروەردگارا تۆ ڕزگارمان بكە لەم شارەی كە خەڵكەكەی ستەمكارن، وە لە لایەن خۆتەوە پشتیوانیمان پێ ببەخشە، لە لایەن خۆتەوە سەركەوتنمان پێ ڕەوا ببینە.

الَّذِينَ آمَنُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُواْ أَوْلِيَاء الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا (76)

ئەوانەی کە ئیماندارن (تەنها) لە پێناوی خوادا دەجەنگن (بەڵام) ئەوانەی کە کافرن لە پێناوی ستەمکارو زۆرداردا دەجەنگن، دەبجەنگن دژی یاوەرانی شەیتان (چونکە) بەڕاستی پیلان و تەڵەکەی شەیتان پووچ و لاوازە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلا أَخَّرْتَنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ قُلْ مَتَاعُ الدَّنْيَا قَلِيلٌ وَالآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَى وَلاَ تُظْلَمُونَ فَتِيلًا (77)

ئایا نەت بینی ئەوانەی کە پێیان دەوترێت دەست بپارێزن کاتی جەنگ نیە، هەر نوێژ بکەن و زەکات بدەن، کەچی کاتێ کە جنگیان بۆ بڕیار درا، دەستەیەکیان لە خەڵکی دەترسان بە قەدەر ئەوەی کە لە خوا دەترسن یاخود زیاتریش وە دەیانوت: خوایە تۆ بۆچی جەنگت لەسەر فەرز کردین، خۆزگە بۆ ماوەیەك دوات دەخستین، بەوانە بڵێ: ڕابواردنی ژیانی دنیا زۆر کەم و کورتە، ژیانی قیامەت چاکترو خۆشترو نەبڕاوەیە بۆ ئەوانەی کە لە خوا دەترسن و پارێزکارن، بە قەدەر تاڵی ناوکی خورمایەك ستەمیان لێ ناکرێت.

أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُواْ هَذِهِ مِنْ عِندِ اللّهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَذِهِ مِنْ عِندِكَ قُلْ كُلًّ مِّنْ عِندِ اللّهِ فَمَا لِهَؤُلاء الْقَوْمِ لاَ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا (78)

(دڵنیا بن) لە هەرکوێ بن مردن یەختان پێ دەگرێت هەتا ئەگەر لە قەڵاو شوێنی سەخت و قایم دا بن، (دوروەکان) ئەگەر خێریان بێتە ڕێ دەڵێن: ئەمە لەلایەن خواوەیە، وە ئەگەر توشی ناخۆشی و زەرەرێك بێن (بە پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم) دەڵێن: ئەمەیان بەهۆی تۆوەیە، پێیان بڵێ: هەر هەمووی (هەرچی پێش دێت) لەلایەن خواوەیەو (بۆ تاقی

کردنەوەیە) ئەوە بۆچی ئەو خەڵکە (باوەڕ لاوازە) هیچ شتێك تێناگەن و لە ڕاستیەکان حالی نابن.

مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا وَكَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا (79)

(ڕاستە) کە هەرچی بۆ تۆ (وە بۆ هەر کەسێک پێش دێت) لە خێرو چاکە لە خواوەیە، وە هەرچی ناخۆشیەکیشت بۆ پێش دێت دەستی خۆتی تیایە (هەرچەندە بەبێ ویستی خوا ڕوونادات، بەڵام پاداشتت هەیە ئەگەر خۆگر بیت). وە ئێمە تۆمان ناردووە (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بۆ سەر خەڵکی بە پێغەمبەرایەتی (تا بیرو بۆچونیان ڕاست بکەیتەوە)، خوایش بەسە کە شایەتە بۆ ئەو مەبەستە.

مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ وَمَن تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا (80)

ئەوەی فەرمانبەرداری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بکا ئەوە فەرمانبەرداری خوای کردووە، ئەوەی پشت هەڵکات (ئەوە خۆی زەرەر دەکات) خۆ ئێمە تۆمان نەناردووە تا ببیتە چاودێری ئەوان.

وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ وَاللّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلًا (81)

(باوەڕ لاوازان کاتێ کە لای تۆن)، دەڵێن: ملکەچ و فەرمانبەردارین، بەڵام کاتێ لای تۆ هەستان و دوورکەوتنەوە دەستەیەکیان قسەکانی تۆ دەگۆڕن و ئەوە ناڵێن کە تۆ گوتوتە، بێگومان ئەوەی هەڵی دەبەستن خوا تۆماری دەکات، گوێ بەوانە مەدەو پشی بە خوا ببەستە تەنها خوات بەسە کە یارو یاوەرت بێت.

أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفًا كَثِيرًا (82)

ئایا ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێکی نادەنەوەو لێی ورد نابنەوە؟ خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگە لە خوا بێگومان جیاوازیەکی زۆریان تیا بەدی دەکرد.

وَإِذَا جَاءهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاَتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً (83)

(لێرەدا خوا ڕەخنە دەگرێت لە هەندێک ئیمانداران): هەرکاتێ هەواڵێکیان پێ گەیشت دەربارەی هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەکەنەوە و (بیر لە سەرئەنجام ناکەنەوە)، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵە بڵاو نەکەنەوەو بیگێڕنەوە بۆ پێغەمبەرو صلى الله عليه وسلم، یان بۆ کاربەدەستانی خۆیان، ئەوانەی کەلە ژێر بە ژێری هەواڵەکان تێ دەگەن، نهێنی و ڕازەکانی لی دەدەهێنن. جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خوا ڕەحمەت و میهرەبانیەکەی نەبوایە شوێنی شەیتان دەکەوتن، جگە لەکەمێکتان.

فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ تُكَلَّفُ إِلاَّ نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَسَى اللّهُ أَن يَكُفَّ بَأْسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَاللّهُ أَشَدُّ بَأْسًا وَأَشَدُّ تَنكِيلاً (84)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بجەنگە لە پێناوی خوادا ئەو ئەرکە هەر لەسەر شانی خۆتە، واتە: (هەتا ئەگەر تەنها خۆیشت بی)، وە هانی ئیماندارانیش بدە (بۆ بەشداری لە غەزاکاندا) بەڵکو ئەمە خوایە، هێز لە کافران بسێنێتەوەو زاڵتان بکا بەسەریاندا، چونکە خوا هێزو دەسەڵاتی زۆرترە (بەڵکو بەراورد ناکرێت) وە بە توندی و سەختی تۆڵەیان لێ دەسێنێت.

مَّن يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُ نَصِيبٌ مِّنْهَا وَمَن يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُ كِفْلٌ مِّنْهَا وَكَانَ اللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقِيتًا (85)

ئەوەی تکای باش بکات، خەڵک هان بدات بۆ چاکە خوازی، (وە لە نێوان خەڵکدا هەوڵی تەبایی یان بدات)، ئەوە بێ پاداشت نابێت و لەو

خێرەدا بەشداره (كه دەستی تیایەتی) هەروەها ئەوەش كه ڕۆڵێكی خراپ دەبینێت و هەوڵی فیتنه بەرپا كردن دەدات و هاندەرێتی، ئەوه ئەویش بێ بەش نیه له سزاو لێ پرسینەوه، خوایش هەمیشەو بەردەوام ئاگاو چاودێره بەسەر هەموو شتێكدا.

وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا (86)

هەركاتێ سەلام و چاك و چۆنیەكتان لەگەڵدا كرا ئەوه به جوانترین شێوه وەڵام بدەنەوه یاخود (هیچ نەبێت) وەكو خۆی، بێگومان خوا له هەموو شتێك دەپرسێتەوه.

اللّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْبَ فِيهِ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ حَدِيثًا (87)

(الله) خوایەكه كه بێجگه لەو خوایەكی تر نیه (شایستەی پەرستن بێت) دڵنیا بن كه كۆتان دەكاتەوه له ڕۆژی قیامەتدا، كه هیچ شك و گومانێكی تیا نیه، جا كێ هەیه قسەو گوفتاری له فەرمایشی خوا ڕاستتر و دروستتر بێت.

فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ وَاللّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُواْ أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُواْ مَنْ أَضَلَّ اللّهُ وَمَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً (88)

ئەوه بۆچی (ئەی ئیمانداران) دەربارەی دووڕووەكان بوون به دوو دەستەوه، ئەوانه خوا ژێرەو ژووی كردوون و ڕاستی یان بەهۆی كردەوەكانیانەوه لێ شێواوه، ئایا دەتانەوێت كەسێك هیدایەت و ڕێنمویی بكەن كه خوا گومڕای كردووه؟! (بەهۆی باوەڕی دانەمەزراوو دڵ و دەرونی نەخۆشیەوه). بێگومان ئەوەی خوا گومڕای بكا (بەهۆی كارو كردەوەی ناپەسەندیەوه) كەس ناتوانێت بیخاته سەر ڕێبازی هیدایەت.

وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَاء فَلاَ تَتَّخِذُواْ مِنْهُمْ أَوْلِيَاء حَتَّى يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدتَّمُوهُمْ وَلاَ تَتَّخِذُواْ مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا (89)

(ئەو دووڕوانە) ئاواتە خوازن کە ئێوەش کافرو بێ باوەڕبن وەك خۆیان، تا وەك یەکتان لێ بێت، هەرگیز ئەوانە بە پشتیوان و یاوەر دامەنێن هەتا کۆچ نەکەن لە پێناوی خوادا، خۆ ئەگەر یاخی بوون و پشتیان تێ کردن، ئێوە بیانگرن و بیانکوژن لە هەرکوێدا ئەوانەتان دەست کەوت، هەرگیز نەکەن ئەوانە بکەنە یاوەرو هاوکار.

إِلاَّ الَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىَ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ أَوْ جَآؤُوكُمْ حَصِرَتْ صُدُورُهُمْ أَن يُقَاتِلُوكُمْ أَوْ يُقَاتِلُواْ قَوْمَهُمْ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقَاتَلُوكُمْ فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً (90)

جگە لەوانە کە پەنا دەبەنە بەر تیرەو هۆزێك کە پەیمان لە نێوان ئێوەو ئەواندا بەستراوە، یاخود دێن و دڵیان نایەت دژتان بجەنگن یا دژی تیرەو هۆزەکەی خۆیان بجەنگن، خۆ ئەگەر خوا بیەوێت ئەوان زاڵ دەکات بەسەرتاناو دەجەنگن دژتان، جا ئەگەر ئەوانە دورە پەرێز بوون لە ئێوەو نەجەنگان دژتان و ڕێبازی ئاشتیان گرتە بەر، ئەوە خوا ڕازی نیە کە شەڕیان پێ بفرۆشن و کێشەیان بۆ دروست بکەن.

سَتَجِدُونَ آخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُواْ قَوْمَهُمْ كُلَّ مَا رُدُّوَاْ إِلَى الْفِتْنِةِ أُرْكِسُواْ فِيِهَا فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُواْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوَاْ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثِقِفْتُمُوهُمْ وَأُوْلَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا (91)

(هەروەها) دەستەیەکی تریش لە گۆڕەپاندا هەیە کە دەیانەوێت لە ئێوەش و لە هۆزو قەومی خۆشیان ئەمین بن، هەرکاتێ بۆیان بکرێت لە ئاشوب نانەوە درێغی ناکەن و ڕۆدەچن تیایدا، جا ئەگەر ئەوانە دورە پەرێزیان نەگرت لێتان و ڕێبازی ئاشتیان نەگرتە بەر و دەستیان نەپاراست، ئەوکاتە بیانگرن (بەدیل) وە ئەگەر دەست درێژکار بوون بانکوژن لە هەرکوێ دەستتان ڕۆیی بەسەریاندا، ئێمە دەسەڵاتی تەواومان بەخشیوە بە ئێوە، دژی ئەو جۆرە کەسانە.

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَئًا وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَن يَصَّدَّقُواْ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ

وَهُوَ مْؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةً فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللّهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (92)

بۆ هیچ ئیمانداریك نیه ئیمانداریكی تر بكوژێت مەگەر بە هەڵە، خۆ ئەگەر كەسێكی ئیماندار بە هەڵە ئیمانداریك بكوژێت، دەبێت بەندەیەكی ئیماندار ئازاد بكاو خوێن باییەكەی بدات بە كەس و كاری كوژراوەكە (كە وەك میراتی دابەشی بكەن) مەگەر لێی ببورن و لە خوێن خۆش ببن. خۆ ئەگەر كوژراوەكە لەناو قەوم و دەستەیەكدا بوو كە دوژمنی ئێوە بوون بەڵام ئەو ئیماندار بوو، با (بكوژەكە) بەندەیەكی ئیماندار ئازاد بكات، وە ئەگەر ئیماندارە كوژراوەكە لەناو قەوم و دەستەیەك بوو كە پەیمان لە نێوانتانا هەبوو، دەبێت خوێنبایی بدرێت بە كەس و كاری و بەندەیەكی ئیمانداریش ئازاد بكرێت (خۆ ئەگەر بكوژەكە) ئەوەی بۆ نەلوا (بەندە ئازاد بكاو بەندایەتی باوی نەمابوو، وە ماڵ و سامانیشی نەبوو) دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژوو بێت، ئەمە بڕیارێكە بۆ ڕاستی و دروستی تەوبەكە بێگومان خوای گەورە هەمیشەو بەردەوام داناو زانایە.

وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا (93)

هەركەسێک بە دەستی ئەنقەست ئیماندارێک بکوژێت پاداشتی ئەو ئاگری دۆزەخە كە ژیانی نەبڕاوەی دەبێت تیادا بباتە سەر، ڕق و خەشمی خوای لەسەرە، هەروەها نەفرین و سزایەكی گەورەو بێ سنوری بۆ ئامادە كردووە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلاَمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِندَ اللّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ اللّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُواْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (94)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەگەر دەگەڕان بۆ گەیاندنی ئیسلام لە پێناوی خوادا وردبین بن و (دوورە پەرێز بن لە پەلە و هەڵەشە)، وە بەو کەسانە مەڵێن کە سەلامتان لێ دەکەن: (ڕاست ناکەی) تۆ ئیماندار نیت!!، (وە بەو هەڵوێستە) مەبەستتان دەستکەوتی ژیانی دنیا بێت، خۆ دەستکەوتی دنیا لای خوایە، خۆ کاتی خۆی ئێوەش وابوون (باوەڕتان شاراوە بوو) تا خوا منەتی نایە سەرتان و (سەرکەوتنی پێ بەخشین و دەرووی لێ کردنەوە) کەواتە، وردو دووربین بن چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بە هەموو کارو کردەوەتان.

(پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەستەیەك لە هاوەڵانی نارد بۆ گەیاندنی ئیسلام وە ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە لێپرسراویان، کابرایەك کە ناوی مرداس بوو مەڕو وشتری دەلەوەران، ئوسامەو هاوەڵانی بینی ترسا و بە پەلە دوورکەوتەوەو خۆی کرد بە ئەشکەوتێکدا ئەمانیش شوێنی کەوتن، کاتێ کە چونە بەردەم ئەشکەوتەکە کابرا هات بە پیریانەوەو سەلامی لێ کردن و شایەتمانی هێنا، بەڵام ئوسامە هێرشی کردە سەری و کوشتی... دوایی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بیستی توڕەبوو لە ئوسامەو فەرمووی: بۆچی کوشتت؟ ئایا دڵ و سینەتان هەڵدڕیبوو بزانن بە ڕاستێتی یان نا!!).

لاَّ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا (95)

ئەوانەی دانیشتون لە ئیمانداران و (ناجەنگن)، مەگەر ئەوانەیان کە ناتەواون، چون یەك نین لەگەڵ ئەوانەدا کە جیهادو کۆشش دەکەن لە پێناوی خوادا بە ماڵ و سامان و خۆیان، بێگومان خوا فەزڵ و پلەیەکی تایبەتی بڕیارداوە بۆ تێکۆشەران بە ماڵیان و خۆیان، بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتون و (هەوڵ و کۆشش نادەن)، خوای گەورە بە هەر دەستەیەکیان بەڵێنی چاك و بە نرخی داوە، (بێگومان) خوا فەزڵ و ڕێزی گەورەو بێ سنوری تێکۆشەرانی داوە بەسەر دانیشتوەکاندا.

دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (96)

پلەو پایەش (بەگوێرەی هەوڵ و كۆشش) لەلایەن خواوە پێشكەش دەكرێت (بەگوێرەی ڕادەی نیەت پاكی و تێكۆشان)، هاوڕێ لەگەڵ لێخۆشبوون و ڕەحمەت دا، چونكە خوا هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو بەڕە حم و دلۆڤانە.

إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالْوَاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءتْ مَصِيرًا (97)

بەڕاستی ئەوانەی كە لە سەرەمەرگ دا فریشتە (دەگەنە لایان بۆ گیان كێشانیان) لە كاتێكدا كە ئەوان ستەمیان لە خۆیان كردووە (ئیمان و باوەڕیان لە مەترسی دا بووە كەچی كۆچیان نەكردووە بۆ نیشتمانی ئیمان، بە توندی پیایاندا هەڵدەشاخێن) و دەڵێن: باشە ئێوە لە كوێ ژیانتان دەبردە سەرو بە چیەوە سەرگەرم بوون؟! لە وەڵام دا دەڵێن: ئێمە بێ دەسەڵات و لاواز بووین لە زەویدا، فریشتەكان دەڵێن: باشە ئایا سەرزەوی خوا فراوان نەبووە تا كۆچی تیا بكەن و (كۆچ بكەن بۆ نیشتمانێک كە تیایدا ئیمانداران فەرمانڕەوان یاخود سەربەستن).

ئا ئەوانە شوێنەواریان دۆزەخە، كە جێگەو ڕێگەیەكی زۆر ناخۆش و ناسازە.

إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلًا (98)

مەگەر ئەوانەیان كە بە ڕاستی بێ دەسەڵات و نا تەوان و لاوازن لە پیاوان و ژنان و منداڵان، وە ناتوانن تەگبیرێك بۆ خۆیان بكەن و چارەسەرێك بۆ دەرباز كردنی خۆیان بدۆزنەوە.

فَأُوْلَئِكَ عَسَى اللّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكَانَ اللّهُ عَفُوًّا غَفُورًا (99)

ئا ئەوانە لەوانەیە خوا (بە ڕەحمی خۆی) لێیان ببورێت و چاوپۆشییان لێ بکات، وە خوا هەمیشەو بەردەوام زۆر لێخۆش بوەو زۆر چاوپۆشی دەکات.

وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلى اللّهِ وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (100)

ئەوەی کۆچ بکا لە پێناوی خوادا دەرووی زۆرو بەرەکەتی زۆر ڕووی تێ دەکات لەو سەرزەمینەدا (کە کۆچی بۆ دەکات)، کە ماڵ و حاڵی خۆی بەجێ بێڵێ و دەرچێت (بەرەو وڵاتی ئیسلام، یاخود شوێنێکی ئازادو) کۆچ بکات، بەڵام مردن یەخەی پێ بگرێت، ئیتر ئەو کەسە پاداشتی کەوتۆتە سەر خوا (وە هەر خۆی دەزانێت چۆن پاداشتی دەداتەوە) وە خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە (بە تایبەت بۆ ئەو جۆرە کەسانە).

وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُواْ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا (101)

هەرکاتێ بەسەفەر ڕۆشتن بەسەر زەویدا قەیناکا نوێژ کورت بکەنەوە ئەگەر ترسان خوانەناسان پیلان و بەڵایەکتان بەسەر بێنن چونکە بەڕاستی کافران دوژمنانی ئاشکرای ئێوەن.

وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاَةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُواْ فَلْيَكُونُواْ مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَى لَمْ يُصَلُّواْ فَلْيُصَلُّواْ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ وَدَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَاحِدَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَى أَن تَضَعُواْ أَسْلِحَتَكُمْ وَخُذُواْ حِذْرَكُمْ إِنَّ اللّهَ أَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (102)

کاتێ کە تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) لەناو هاوەڵاندایت و پێش نوێژیان بۆ دەکەیت (لەکاتی جەنگدا)، با دەستەیەکیان بوەستن

لەگەڵ تۆدا بۆ نوێژ چەکەکانیان پێ بێت، کاتێك کە ئەم دەستەیەی کە نوێژ دەکات چونە سوژدە با ئەوانی تر پشتیان بگرن (ئەوجا کە لێ بونەوە لەو دوو ڕکاتە) ئەو دەستەیەی تر کە پاسەوانیان دەکردو نوێژیان نەکردووە با لەگەڵ تۆدا نوێژەکەیان بکەن، با هۆشیارو چەکدار بن چونکە کافران ئاواتە خوازن کە ئێوە غافڵ بن لە چەکەکانتان و لە کەلوپەلتان، تا یەك هێرش بکەنە سەرتان و تەفرو توناتان بکەن. بۆتان هەیە و قەیناکا چەکەکانتان دانێن ئەگەر بێزار بوون یا نەخۆش کەوتن بەڵام هەمیشە وریا بن، بەڕاستی خوا سزای خەجاڵەت ئاوەری بۆ خوانەناسان ئامادە کردووە.

فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلاَةَ فَاذْكُرُواْ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِكُمْ فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا (103)

هەرکاتێ لە نوێژ بونەوە یادی خوا بکەن بە پێوە، بە دانیشتنەوە، بە ڕاکشانەوە (بە هەر جۆرێك کە بۆتان گونجا) هەروەها هەرکاتێ ئارامی باڵی کێشا بە سەرتانا نوێژەکانتان بە چاکی و بەتەواوی ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لە کاتی دیاری کراودا دەبێ ئەنجام بدرێ.

وَلاَ تَهِنُواْ فِي ابْتِغَاء الْقَوْمِ إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (104)

لە بەرانبەر (لەشکری کوفرەوە کە شەڕتان پێ دەفرۆشن یان بەربەستن لە ڕێگەی پێگەیاندنی بانگەوای خوادا) سستی و کەمتەرخەمی مەکەن و بکەونە دوایان چونکە ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارو ماندوێتی و بریندارتان بۆ پێش بێت، بۆ ئەوانیش هەر پێش دێت. بەڵام ئەوەی ئێوە بەتەمان لەلایەن خواوە دەستان بکەوێت (لە بەهەشتدا) ئەوان بەتەمای نین، وە خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو دانایە.

إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللّهُ وَلاَ تَكُن لِّلْخَآئِنِينَ خَصِيمًا (105)

ئێمە بەڕاستی قورئانمان بۆ تۆ ڕەوانە کردووە، سەرتاپای حەقیحەت و ڕاستەقینەیە بۆ ئەوەی دادوەری بکەی لە نێوان خەڵکی دا بەو شێوەیەی کە خوا نیشانی داوی، نەکەیت بەرگری لە ناپاکان بکەیت.

(دەگێڕنەوە جولەکەیەك لای (طعمة) ناوێك، قەڵغانێك بە ئەمانەت دادەنێت، بەڵام (طعمة) دوایی حاشای لێ دەكات، کە دێن ماڵەکەی بگەڕێن فڕێی دەداتە ماڵە دراوسێیەکەوە، جا کە کێشەکە دەگاتە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خەریکە لایەنی (طعمة) بگرێت، چونکە زۆر بە دەم و پل بووە، بەڵام خوای گەورە ئەم چەند ئایەتە دادەبەزێنێت لە 105 تا 113.

وَاسْتَغْفِرِ اللّهَ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (106)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم بەردەوام)وە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکە چونکە بە ڕاستی ئەو خوایە هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە.

وَلاَ تُجَادِلْ عَنِ الَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنفُسَهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا (107)

بەرگریش لەو کەسانەش مەکە کە ناپاکن، چونکە ئەوانە خیانەت لە خۆیان دەکەن دڵنیاش بە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خیانەتکارو تاوانبارن.

يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلاَ يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لاَ يَرْضَى مِنَ الْقَوْلِ وَكَانَ اللّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا (108)

بەراستی ئەوانە شەرمەزارن بەرانبەر بە خەڵکی و خۆیان دەشارنەوە، بەڵام شەرم لەو خوایە ناکەن کە هەمیشە لە تەکیانایەو چاودێریانە، قسەی وا هەڵدەبەستن کە ئەو خوایە ڕازی لەسەر نیە، وە خوا هەمیشەو بەردەوام ئاگاداری ئەو کارو کردەوانەیە کە ئەنجامی دەدەن.

هَاأَنتُمْ هَؤُلاء جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَمَن يُجَادِلُ اللّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا (109)

باشه ئه‌وه‌ته ئێوه به‌رگریان لێ ده‌كه‌ن له ژیانی ئه‌م دنیایه‌دا، ئه‌ی ڕۆژی قیامه‌ت، لای خوا كێ به‌رگریان لێ بكا؟ یاخود كێ پشتیوان و یاریده‌ده‌ریان ده‌بێت (تا له سزای دۆزه‌خ ڕزگاریان بكات).

وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللّهَ يَجِدِ اللّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا (110)

ئه‌وه‌ی گوناهێك بكات یا سته‌مێک له خۆی بكات له‌وه‌دوا (به‌خۆیدا بچێته‌وه) و داوای لێخۆشبوون له خوا بكات، ده‌بینێت خوا لێخۆشبوو میهره‌بانه.

وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (111)

ئه‌وه‌ی گوناهو تاوانێك ئه‌نجام بدات ئه‌وه به زه‌ره‌ری خۆی ته‌واو ده‌بێت، بێگومان خوا هه‌میشه‌و به‌رده‌وام داناو زانایه.

وَمَن يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا (112)

ئه‌وه‌ی گوناهو تاوانێک ئه‌نجام بداو له‌وه‌دوا فڕێی بدا به‌سه‌ر بێ تاوانێكدا و بێ تاوانێكی پێ له‌كه‌دار بكات، بێگومان ئه‌و كه‌سه بوختان و تاوانێكی ئاشكرای ئه‌نجام داوه‌و (به‌سه‌ریه‌وه ناچێت).

وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مُّنْهُمْ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلاُّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيْءٍ وَأَنزَلَ اللّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا (113)

خۆ ئه‌گه‌ر فه‌زڵ و ڕه‌حمه‌تی خوا نه‌بوایه خه‌ریک بوو هه‌ندێكیان سه‌رت لێ بشێوێنن، بێگومان به‌و كاره‌یان هه‌ر خۆیان گومڕا ده‌كه‌ن، (دڵنیا به) كه ناتوانن هیچ جۆره زیانێكت پێ بگه‌یه‌نن، خوای گه‌وره‌ش

قورئان و داناى پێ بەخشیوى، وە فێرى ئەو شتانەى كردووى كە جاران نەت دەزانى، بەردەوامیش فەزڵ و ڕێزى خوا هەمێشەو بەردەوام لەسەر تۆ (ئەى محمد صلى الله علیه وسلم) زۆرو فراوان و ئاشكراو دیارەو (نایەڵێ توشى هەڵە ببى).

لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتَغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (114)

لە زۆربەى چرپەو سرتەو قسە نهێنیەكانى (ئەو خەڵكەدا) خێر بەدى ناكرێت مەگەر ئەو كەسەى كە فەرمان بدات بە بەخششێك یا چاكەیەك یا ڕێكخستن و ئاشت كردنەوەى نێوان خەڵكى، جا ئەوەى (ئەو شێوازە چاكەیە) ئەنجام بداو مەبەستى تەنها ڕەزامەندى خوا بێت لە ئایندەدا پاداشتى زۆرو بێ سنورى پێ دەبەخشین.

وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءتْ مَصِيرًا (115)

ئەوەش كە دوژمنایەتى پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم بكات دواى ئەوەى كە ڕێگەى ڕاست و دروستى بۆ ڕوون بۆتەوە، وە ڕێبازێك بگرێتە بەر كە جیاواز بێت لە ڕێگەو ڕێبازى ئیمانداران، ڕووى دەكەینە ئەو ڕووگەو بەرنامەیەى كە هەڵى بژاردووە (لە قیامەتیشدا) دەیخەینە ناو دۆزەخەوە كە سەرئەنجامێكى زۆر ناخۆش و سامناكە.

إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا (116)

بەڕاستى خوا هەرگیز خۆش نابێت لەوەى كە هاوەڵ و شەریكى بۆ بڕیار بدرێت، وە جگە لەو (گوناهو گومڕاییە) لە گوناهانى تر بۆ هەركەس كە شایستە بێت و (پەشیمان بێت) خۆش دەبێت. بەڕاستى ئەوەى شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات ئەوە زۆر گومڕایەو سەرلێشێواوى بۆ خۆى هەڵبژاردووە.

إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ إِنَاثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلاَّ شَيْطَانًا مَّرِيدًا (117)

(ئەو سەرلێشێواوانە) هاناو هاوار بۆ هەرچی دەبەن جگە لە خوا (هەر بت و پەیکەرەو ناوی) مێ ینەشیان هەیە (شایانی باسە ناسکی و لاوازی ئافرەت عەیبەو ناتەواوی نیە، بەڵکو سروشتیەو پەسەندە) وە یاخود هاناو هاوار بۆ شەیتانی سەرکەش و یاخی دەبەن.

لَّعَنَهُ اللّهُ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا (118)

ئەو شەیتانەی خوا نەفرینی لێ کردووە، چونکە ووتویەتی: شەرت بێت لە بەندەکانت بەشێکی زۆرو چاك دابڕم (لە ئیمان و خواناسی).

وَلأُضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الأَنْعَامِ وَلآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللّهِ وَمَن يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا (119)

(هەروەها وتویەتی) هەردەبێت گومڕایان بکەم، وە بە ئاوات و خەیاڵاتی پوچەوە سەرگەرمیان بکەم، وە وایان لێ بکەم گوێی ماڵات ببڕن، دەبێ فەرمانیان پێ بدەم کە دروستکراوانی خوا دەستکاری بکەن و بیگۆڕن (لەم سەردەمەدا ئەڵقە لەگوێکانی بەناو زانا دەستکاری جینات و سیفاتی ڕەچەڵەکی دەکەن و بەگوێی شەیتان دەکەن، ئادەمیزادو زیندەوەران تێک دەدەن)، جا ئەوەی لە جیاتی خوا شەیتان بکاتە پشتیوانی خۆی، ئەوە بەڕاستی زەرەرو خەسارەتمەندی یەکی بەدەست هێناوە.

يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُورًا (120)

(شەیتان) بەڵێنیان دەداتێ و ئاوات و ئارەزو دەڕازێنێتەوە بۆیان کە هەمووی بەڵێنی فریودەرو خەڵەتێنەرە.

أُوْلَـئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَلاَ يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا (121)

ئەوانە شوێنەواریان دۆزەخەو هەرگیز لە دەستی ڕزگاریان نابێت.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا وَعْدَ اللّهِ حَقًّا وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللّهِ قِيلًا (122)

بەڕاستی ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە دەیانخەینە ناو باخ و باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگەو ڕوبار بەژێر دەرخت و بەبەردەم کۆشکەکانیا دەڕوات، وە ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەو بەردەوام تیایدا دەبەنە سەر، جا کێ هەیە ڕاست ترو دروست تر لە خوا بەڵێنی خۆی بباتە سەر.

لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلاَ يَجِدْ لَهُ مِن دُونِ اللّهِ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا (123)

(پاداشت و ڕێزو نرخ) نە بە ئارەزووی ئێوەیە، نە بە ئارەزووی خاوەنی کتێبە، ئەوەی خراپەو گوناه بکات دەبێت ئاکامی بچێژێت، ئینجا هێچ کەس و هیچ هێزێکی دەست ناکەوێت جگە لە خوا کە پشتگیری بکات و یارمەتی بدات.

وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتَ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا (124)

ئەوەش کردەوەی چاکە ئەنجام بدا لە پیاوان، یان لە ئافرەتان وە ئیماندار بێت، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو بەقەدەر تاڵی ناوکی خورما ستەمیان لێ ناکرێت.

وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لله وَهُوَ مُحْسِنٌ واتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا (125)

کێ هەیە ئاینی چاکترو پەسەندتر بێت لەو کەسەی کە ڕووی کردۆتە خوا، وە خۆی تەسلیمی ئەو کردوەو هەتا بتوانێت لە چاکەو چاکەکاریش دریغی ناکات، وە شوێنی ئاینی ئیبراهیمی ملکەچ و فەرمانبەردار کەوتبێت لە کاتێکدا کە خوا ئیبراهیمی کردۆتە خۆشەویست و ڕیزداری خۆی.

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطًا (126)

هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە خوا خاوەنیانە، وە خوا لە هەموو شتێك بە وردیی و بە تەواوی ئاگادارە.

وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاء قُلِ اللّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاء الَّلاتِي لاَ تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدَانِ وَأَن تَقُومُواْ لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا (127)

پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ژنان، پێیان بڵێ: خوا دەربارەیان وەڵامتان دەداتەوە. (هەندێکی) لە قورئاندا دەربارەی میرات و ئافرەتانی هەتیو وەڵام دراوەتەوە، ئەوانەش کە دەتانەوێت مارەیان بکەن لە کچە بێ باوکەکان دەبێت مارەیی بڕیار دراویان بدەنێ بە تەواوی (هەروەها فەرمانتان پێ دەدات) بە چاکەکاری لەگەڵ منالانی بێ نازدا (کە مافیان بدەن و ستەمیان لێ نەکەن) وە بە بەرپا کردنی دادگەریی لە نێوان بێ باوکاندا، جا هەر خێرو چاکەیەك ئەنجام بدەن خوا زانایە پێی.

وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِن بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلاَ جُنَاْحَ عَلَيْهِمَا أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (128)

ئەگەر ئافرەتێك ترسا لەوەی کە مێردەکەی لاساری بکات، یا پشتی تێ بکات و گوێی نەداتێ ئەوە هیچ لێیان ناگیرێت و کارێکی چاکە، ئەگەر نێوان خۆیان چاك بکەن و ئاشت ببنەوە و بەتەواویی ڕێ بکەون، هەمیشە ڕێکەوتن و تەبایی شتێکی چاك و پەسەندە، هەرچەندە خەڵکی بە سروشت حەز بە ڕەزیلی دەکەن تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، (ئەگەر قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ لە بەرچاو نەگیرێت) جا ئەگەر چاکەکارو ڕەفتار جوان بن و خاوەنی تەقواو پارێزکار بن، ئەوە دڵنیا بن کە خوا هەمیشەو بەردەوام ئاگایە بە کارو کردەوەتان.

وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِن تُصْلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (129)

هەرگیز ئێوە ناتوانن لە نێوان هاوسەرەکانتانا دادپەروەرانە ڕەفتار بکەن هەتا ئەگەر زۆریش مەبەستان بێت (بەڵام ئێوە هەرچۆنتان کردووە) نەکەن هەر ڕوو لە یەکێ بکەن بە تەواویی (وە ڕوو وەرگێڕن لە یەکێکی تر بە تەواوی) وای لێ مەکەن کە: (نە ئەوەیە هاوسەر داربێت، بە ئەوەشە بێ هاوسەر بێت) جا ئەگەر ڕێك بکەون و پارێزکار بن ئەوە بەڕاستی دڵنیا بن کە خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆش بوو میهرەبانە.

وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللّهُ كُلاًّ مِّن سَعَتِهِ وَكَانَ اللّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا (130)

خۆ ئەگەر ژن و مێرد لێك جیا ببنەوە (بە گوێرەی شەرع و بەرنامەی خوا) ئەوە خوا هەریەکەیان شادو بێ نیازو بەختەوەر دەکات، بە هاوسەرێکی گونجاو چونکە خوا هەمیشەو بەردەوام فراوانگیرو دانایە.

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَلَقَدْ وَصَّيْنَا الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ اتَّقُواْ اللّهَ وَإِن تَكْفُرُواْ فَإِنَّ لِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ غَنِيًّا حَمِيدًا (131)

بێگومان هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، بەڕاستی ئێمە ئامۆژگاری ئەوانەمان کردووە کە کتێبە (ئاسمانیەکانمان) پێ بەخشیون، هەروەها ئامۆژگاری ئێوەشمان کردووە کە لە خوا بترسن و بە تەقواو پارێزکار بن. خۆ ئەگەر کافرو یاخی بن (ئەوە خۆتان زەرەر دەکەن و خوا ئاتاجی ئێوە نیە چونکە) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، وە خوایش هەمیشەو بەردەوام بێ نیازەو شایستەیە کە سوپاسی بکرێت.

وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلًا (132)

هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە وە هەر ئەو خوایە بەسە بۆ ئەوەی بیانپارێزێت (ئاسمانەکان مەگەر هەر خوا خۆی گەورەیی و فراوانییان بزانێت، نهێنیەکانی زەویش کەمێکی زانراوە).

إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّهَا النَّاسُ وَيَأْتِ بِآخَرِينَ وَكَانَ اللّهُ عَلَى ذَلِكَ قَدِيرًا (133)

(ئەی خەڵکینە) ئەگەر (خوا) بیەوێت ئێوە لە ناو دەبات و کەسانی تر دێنێتە مەیدانەوە، وە خوا هەمیشەو بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر ئەو کارەدا هەیە.

مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ الدُّنْيَا فَعِندَ اللّهِ ثَوَابُ الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَكَانَ اللّهُ سَمِيعًا بَصِيرًا (134)

ئەوەی پاداشتی دنیای دەوێت (ئەوە با بزانێت) کە لای خوا پاداشتی دنیاو پاداشتی قیامەتیش هەیە، وە خوا هەمیشەو بەردەوام بیسەرو بینایە (بە بەندەکانی).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاء لِلّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقَيرًا فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ وَإِن تَلْوُواْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (135)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە دادپەروەر بن و شایەتی بۆ خوا بدەن، با شایەتی یەکەشتان زیانی بۆ خۆتان و دایك و باوکتان یا خزمانیش هەبێت، ئەگەر کەسێك لەوانە دەوڵەمەند بێت یا هەژار بێت ڕەزامەندی خوا لەوان لە پێشترە (واتە بە تەماعی دەوڵەمەندی لە دادپەروەری لامەدەن، وە بەهۆی نەداریی و بەزەیی بێ جێ لە حەق لامەدەن)، نەکەن بەهۆی ئارەزواتی نەفسەوە لە دادپەروەری لابدەن، یا خۆتانی لێ بدزنەوە ئەوە چاك بزانن کە خوا ئاگادارە بە کارو کردەوەتان.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ آمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِيَ أَنزَلَ مِن قَبْلُ وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا (136)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، با باوەڕتان پتەو بێ بە خواو پێغەمبەرەکەی وە بەو قورئانەش کە ناردویەتیە سەر پێغەمبەرەکەی وە بەو کتێبەش کە پێشتر ڕەوانە کراوە، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە خواو

به فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی و بە ڕۆژی دوایی، ئەوە بێگومان زۆر گومڕاو سەرگەردانە.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلاً (137)

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دوایی پاشگەز بونەتەوە، دوبارە ئیمنیان هێنایەوەو دوایی پاشگەز بونەوە، لەوەودوا زیاتر لە بێ دینی و کافریی دا ڕۆچوون، هەرگیز خوا لەوانە خۆش نابێت و ڕێنمویی یان ناکات بۆ ڕێبازێکی (سود بەخشن).

بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (138)

ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مژدە بە دوو ڕووەکان بدە کە سزایەکی بە ئێش بۆیان ئامادە کراوە!!

الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ العِزَّةَ لِلّهِ جَمِيعًا (139)

ئەوانەی کە کافرەکان دەکەن پشتیوان و یارو یاوەری خۆیان لە جیاتی ئیمانداران، ئایا دەیانەوێت عیزەت و سەربەرزیان لای ئەوان دەست بکەوێت؟ (ئەوانە بە هەڵەدا چوون، چونکە) عیزەت و سەربەرزی هەر هەمووی بەدەست خوایەو لای ئەوە.

وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللّهِ يُكَفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا (140)

(خوای گەورە) لە قورئاندا ئەم بڕیارەی بۆ ناردون کە: ئەگەر لە جێیەکدا گوێتان لێ بوو کە کوفرو گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا دەکرا، دامەنیشن لەگەڵ ئەوانەدا هەتا قسە و باسەکەیان نەگۆڕن (ئەگەر دابنیشن و گوێ نەدەنێ) ئەوە ئێوەش وەك ئەوانن و (حسابتان لەگەڵ

ئەواندا دەبێت) بەڕاستی خوا دووڕووەکان و کافرەکان هەموویان لە دۆزەخدا کۆدەکاتەوە.

الَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ اللّهِ قَالُواْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَافِرِينَ نَصِيبٌ قَالُواْ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ فَاللّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا (141)

ئەوانەی کە خۆیان بۆ ئێوە مەڵاس داوە ئەگەر سەرکەوتنێکی خوایتان دەست بکەوێت دەڵێن: ئەی ئێمە لەگەڵتانا نەبووین؟! خۆ ئەگەر کافرەکان بیبەنەوە، دووڕەوکان دەڵێن: ئێمە نەمان وت: کە لەگەڵ ئێوەداین و نایەڵێن ئیمانداران زەرەرتان پێ بگەیەنن. ئەوە ئیتر خوا لەڕۆژی قیامەتدا داوەریی دەکات لە نێوانتاندا (ئەی کافرو دووڕووەکان) وە هەرگیز خوا نایەڵێت کافر بەسەر ئیمانداراندا دەست ڕۆیشتوو بێت.

إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلًا (142)

بەڕاستی دووڕووەکان (وادەزانن) کە خوا دەخڵەتێنن (لەکاتێکدا کە ئەو دەیان خڵەتێنێت (نازانن کە دیارو نادیار، پەنهان و ئاشکرا لای خوا ڕوون و ئاشکرایە، وە بەو کارەیان دۆزەخ بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن)، هەرکاتێك (بۆ ڕیاکاریی و ڕووپامایی) هەڵدەستن بۆ نوێژ، زۆر بە لەش گرانی و تەمەڵی هەڵدەستن، ئەوانە ڕیایی و ڕوو پامایی بۆ خەڵکی دەکەن، وە زۆر کەم یادی خوا دەکەن.

مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لاَ إِلَى هَؤُلاء وَلاَ إِلَى هَؤُلاء وَمَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا (143)

گیریان خواردوە لەو نێوانەدا، نە ئەوەیە کە پاڵبدەن بە ئیماندارانەوە نە ئەوەشە کە پاڵ بدەن بە کافرانەوە، هەرکەس خوا (بەهۆی ناڵەباری خۆیەوە) گومڕایی بکات هیچ کەس ناتوانێت ڕێبازێکی (ڕاستی بۆ بدۆزێتەوە).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُواْ لِلّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا (144)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کافرەکان مەکەنە یارو یاوەری خۆتان لە جیاتی ئیمانداران، ئایا دەتانەوێت بە دەستی خۆتان بەڵگەیەکی بەهێز بدەنە دەست خوا(کە بێ دین و ناحاڵین؟!).

إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا (145)

بەڕاستی دووڕووەکان لە چینی هەرە خواری ناو دۆزەخدان، وە هەرگیز نابینی کەسێك پشتیوانیان لێ بکات و بەهانایانەوە بچێت (چونکە تاوانیان زۆر گەورە بوو لە دنیادا).

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَاعْتَصَمُواْ بِاللّهِ وَأَخْلَصُواْ دِينَهُمْ لِلّهِ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ وَسَوْفَ يُؤْتِ اللّهُ الْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا (146)

جگە لەوانەیان کە تەوبەت ڕاستەقینە دەکەن و چاکە خواز دەبن و بەچاکی پەنا بە خوا دەگرن و پەیڕەوی دەکەن و بە تەواوی دین و ئاینیان ساغ دەکەنەوە بۆ خوا، ئەوانە لەگەڵ ئیمانداراندا دەبن و لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێن، بێگومان خوا لە ئایندەدا پاداشتی زۆرو بێ سنور دەبەخشێت بە ئیمانداران.

مَّا يَفْعَلُ اللّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَآمَنتُمْ وَكَانَ اللّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا (147)

خوا چ پێویستیەکی هەیە بە سزادانی ئێوە؟ ئەگەر شوکرانە بژێرو سوپاسگوزار بن و ئیمان و باوەڕی دامەزراوتان هەبێت، چونکە خوا هەمیشەو بەردەوام سوپاسگوزاری بەندە چاکەکانێتی و زاناو ئاگایە پێیان.

لاَّ يُحِبُّ اللّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوَءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلاَّ مَن ظُلِمَ وَكَانَ اللّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا (148)

خوا حەز ناکا لە قسەی ناشرین و نابەجێ و ناوو ناتۆرە وتن و جنێودان، مەگەر کەسێک ستەم لێکراو بێت، وە خوا هەمیشە و بەردەوام بیسەرو زانایە.

إِن تُبْدُواْ خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُواْ عَن سُوَءٍ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا (149)

ئەگەر کردارو گوفتارو بەخششی خۆتان ئاشکرا بکەن یا بیشارنەوە، یاخود چاوپۆشی لە هەڵەو گوناهێك بکەن، ئەوە بێگومان خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبووە (هەرچەندە) زۆر بە دەسەڵاتیشە.

إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيْنَ اللّهِ وَرُسُلِهِ وَيقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً (150)

بێگومان ئەوانەی باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرانی نیە، وە دەیانەوێت جیاوازی بکەن لەنێوانی خواو پێغەمبەرەکانیدا (گوایە باوەڕیان بە خوا هەیە بەڵام باوەڕیان بە پێغەمبەران نیە)، یاخود دەڵێن: باوەڕمان بە هەندێك لە پێغەمبەران هەیەو باوەڕمان بە هەندێکیان نیە وە دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگەو بەرنامەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

أُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (151)

ئەو جۆرە کەسانە بەڕاستی کافرو بێ باوەڕن وە بۆ کافران سزایەکی سەرشۆڕکەرمان ئامادە کردوە.

وَالَّذِينَ آمَنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُواْ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ أُوْلَئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ وَكَانَ اللّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (152)

ئەوانەی کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، وە هێچ جۆرە جیاوازیەکیان نەکردووە لە نێوان هێچ کامیاندا باوەڕیان بە هەموویان هەیە، ئەوانە لە ئایندەدا پاداشتی خۆیان وەردەگرن، وە خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە.

يَسْأَلُكَ أَهْلُ الْكِتَابِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَقَدْ سَأَلُواْ مُوسَى أَكْبَرَ مِن ذَلِكَ فَقَالُواْ أَرِنَا اللّهِ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ثُمَّ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ فَعَفَوْنَا عَن ذَلِكَ وَآتَيْنَا مُوسَى سُلْطَانًا مُّبِينًا (153)

خاوەنانی کتێب داوای ئەوەت لێ دەکەن کە لە ئاسمانەوە کتێبێکیان بۆ دابەزێنیێ، ئەوانە داوای لەوە گەورەتریان لە موسا کرد: خوامان بە ئاشکرا نیشان بدە، ئەوسا بروسکەیەك لێی دان لە سەر ئەنجامی ئەو ستەمە ناڕەوایەو (ئەو داخوازیە نادروستەیاندا) کەچی لەوەودوا گوێرەکە پەرستیان کرد دوای ئەو هەموو بەڵگەو (معجزة) ئاشکرایانە، لەوەشیان خۆش بوین، وە بەڵگەو (معجزة) و (بەرنامەی) ئاشکرامان بەخشی بە موسا (تا ڕێنموییان بکات).

وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ الطُّورَ بِمِيثَاقِهِمْ وَقُلْنَا لَهُمُ ادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا وَقُلْنَا لَهُمْ لاَ تَعْدُواْ فِي السَّبْتِ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا (154)

وە بـۆ پەیمان لێ وەرگرتنیان کێوی (طور)مان بەرز کردەوە بە سەریاندا وە پێمان وتن: کە لە دەروازەی شاری (قدس)ەوە بە سوژدەوە بچنە ژورەوە (هەروەها فەرمانمان داو) وتمان لە ڕۆژانی شەمواندا دەست درێژی مەکەن و (ڕاوەماسی مەکەن)، پەیمانێکی توندو بەهێزمان لێ وەرگرتن (بۆ ئەو مەبەستە).

فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِم بَآيَاتِ اللّهِ وَقَتْلِهِمُ الأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقًّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلًا (155)

لەوەدوا بەهۆی پەیمان شکاندنیان و و بێ باوەڕییان بە ئایەتەکانی خواو کوشتنی بە ناحەقی پێغەمبەران لەلایەن ئەوانەوە، (خوا خەشمی لێ گرتن)، وە ئەو قسەشیان کە دەڵێن دڵی ئێمە داخراوەو بەرگی پێوەیە (مەبەستمان ئەوەیە کە ئامادە نین گوێ بۆ هیچ ڕاستیەك بگرن) بەڵکو ئەوانە خوا مۆری ناوە بە سەر دڵ و دەروونیاندا بەهۆی ئەوەوە کە خۆیان بڕیاری کافربوونی خۆیان دەرکردووە، وە زۆر کەمیان نەبێت باوەڕ ناهێنن.

وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا (156)

(هەروەها ڕقی لێیانە) بەهۆی کافر بوون و ئەو بوختانە گەورەیەی کە بۆ مەریەم هەڵیان بەست.

وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (157)

وە ئەو قسەیەشیان کە دەڵێن ئێمە مەسیح پێغەمبەری خوا عیسای کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لە ڕاستیدا نە کوشتویانەو نە لە قەنارەو خاچیان داوە، بەڵکو لێیان تێك چوەو (کەسێکی تریان کوشتووە)، بەڕاستی ئەوانەی کە بیرو بۆچونی جیاوازیان لەو کێشەیەدا هەیە خۆیان لە گوماندان، ئەوانە هیچ زانستیەکی ڕاستیان نیە لەو بارەیەوە، بەڵگو هەر شوێنی گومان کەوتون. وە بە دڵنیایی یەوە (دەڵێن) کە نەیان کوشتوەو بۆیان نەکوژراوە.

بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (158)

بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆلای خۆی، وە خوا هەمیشە و بەردەوام باڵادەست و دانایە.

وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلاَّ لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا (159)

هەندێ کەس هەن لە خاوەنانی کتێب، باوەڕ دێنن بە عیسا پێش گیان دەرچوونی و لە حەقیقەتی تێ دەگەن (لە سەرەمەرگدا پەردە لەسەر چاویان لادەدرا و گەلێك لە حەقیقەت و ڕاستیەکان دەردەکەون، ئا لەو کاتە سامناکەدا گاورەکان دڵنیا دەبن کە حەزرەتی عیسا بەندەی خوایە، نە خوایە و، نە کوڕی خوایە، ئەوسا ئیتر ئیمان و باوەڕ سودی نابێت چونکە ناچاریە) (یاخود کاتێ کە عیسا دادەبەزێت گاورەکانی ئەو کاتە یا هەدنێکتان باوەڕی دروستی بۆ دێنن). وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا شایەتە

بەسەریانەوە (کە ئەوانەی گومڕا بوون، خۆیان گومڕا بوون و ئەم کاتی خۆی هەر ڕێگەی ڕاستی نیشان داوون).

فَبِظُلْمٍ مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ اللّهِ كَثِيرًا (160)

بەهۆێ زوڵم و ستەمی (زۆربەی) جولەکەکانەوە، وە بەهۆی ئەوەی کە زۆر کۆسپیان دەخستە بەر ڕیبازی، ئێمە هەندێک نازو نیعمەتمان لێ حەرام کردن کە پێشتر پێیان حەڵاڵ بوو.

وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (161)

هەروەها بەهۆی سوو خۆریانەوە (هەندێك شتی تری حەڵاڵمان لێ حەرام کردن) هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە کە مالی خەڵکی بە ناحەق دەخۆن، بێگومان بۆ ئەوانەیان کە کافرن سزایەکی بەئێشمان ئامادە کردووە.

لَّكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ وَالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَالْمُقِيمِينَ الصَّلاَةَ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أُوْلَئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا (162)

بەڵام ئەوانەیان کە لە زانستی و زانیاریدا ڕۆچوون، هەروەها لە ئیمانداارانی (ئوممەتی محمد صلی الله علیه وسلم)، باوەڕیان هەیە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانە کراوە، وە بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانە کراوە، ئەوانەی کە بەچاکی نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و زەکاتیش دەدەن و باوەڕیشیان بە خواو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، ئا ئەوانە لە ئایندەیەکی نزیکدا پاداشتی گەورەو بێ سنوریان دەدەینەوە.

إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَعِيسَى وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا (163)

ئێمە (وەحی) و نیگامان بۆ تۆ ناردووە هەروەکو چۆن (وحی) و
نیگامان بۆ نوح و پێغەمبەرانی دوای ئەو ناردووە، هەروەها (وحی) و
نیگامان ناردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و
(هەندێك) لە کوڕانی یەعقوب و عیساو ئەیوب و یونس و هارون و
سولەیمان، وە زەبوریشمان بە داود بەخشیوە (کە کتێبێك بووە زۆربەی
تەسبیحات و ستایشی پەروەردگار بووە).

وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ
مُوسَى تَكْلِيمًا (164)

بێگومان بەسەرهاتی هەندێک لە پێغەمبەرانمان بۆ گێڕاویتەوە،
بەسەرهاتی هەندێکی تریشمان بۆ نەگێڕاویتەوە. (بەڕاستی) خوای
گەورە خۆی لەگەڵ موسا دا گفتوگۆی یەکسەری و (ڕاستەوخۆی)
ئەنجام داوە.

رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ
اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (165)

پێغەمبەرانێك (ڕەوانە کراون) کە مژدە دەر بوون (بە ئیمانداران) وە
ترسێنەری (یاخیەکان) بوون، تا خەڵکی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە
نەمێنێت (لەسەر بێ دینی و یاخی بوونیان) دوای ئەوەی خوا
پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردوون، بێ گومان هەمیشەو بەردەوام خوا باڵا
دەست و دانایە).

لَّكِنِ اللّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلآئِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَى بِاللّهِ
شَهِيدًا (166)

(ئەگەر ئەو خەڵکە باوەڕت پێ ناکەن) خوا خۆی شایەتە لەسەر ئەوەی
کە ڕەوانەی کردووە بۆ تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم)، (دڵنیابە
کە) لەسەر بنچینەی زانستی خۆی ڕەوانەی کردووە، فریشتەکانیش
شایەتی دەدەن (لەسەر ئەوە) (هەرچەندە) خوا خۆی بەسە (بۆ ئەو
شایەتییە.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ اللّهِ قَدْ ضَلُّواْ ضَلاَلًا بَعِيدًا (167)

بەڕاستی ئەوانەی کە کافر بوون و ڕێبازی کوفریان گرتۆتە بەر، بەربەست دادەنێن لە ڕێبازی خوادا، بێگومان ئەوانە زۆر زۆر گومڕا بوون و لە ڕاستی دوور کەوتونەتەوە.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمْ يَكُنِ اللّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقًا (168)

بەڕاستی ئەوانەی کە کافر بوون و ستەمیان کردووە خوا لێیان خۆش نابێت، وە هیدایەت و ڕێنموونییان ناکات بۆ ڕێگەو ڕێبازێك (کە سوودی لێ وەردەگرن).

إِلاَّ طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللّهِ يَسِيرًا (169)

جگە لە ڕێگەی دۆزەخ کە دەیانگەیەنێتە ناوی و ژیانی نەمریی بە ناچاریی دەبێت تیایدا بەرنە سەر، ئەو سزادانەشیان لای خوا زۆر ئاسانە.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَآمِنُواْ خَيْرًا لَّكُمْ وَإِن تَكْفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (170)

ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە کراوە ئیمان و باوەڕی (پێ بێنن) ئەوە چاکترە بۆتان، خۆ ئەگەر باوەڕ نەکەن ئەوە دڵنیا بن کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە خوا خاوەنیانەو (ئاتاجی ئیمانی ئێوە نیە)، چونکە خوا هەمیشە بەردەوام زاناو دانایە.

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ وَلاَ تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقِّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَلاَ تَقُولُواْ ثَلاَثَةٌ انتَهُواْ خَيْرًا لَّكُمْ إِنَّمَا اللّهُ إِلَهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَات وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلًا (171)

ئەی خاوەنانی کتێب زیادە ڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتاندا، جگە لە حەق و ڕاستی هیچی تر بۆ خوا هەڵمەبەستن، بەڕاستی عیسای کوڕی مەریەم جگە لەوەی کە فرستادەی خوایە (شتێکی تر نەبووە)، لەدایکبونەکەی بە فەرمانی خوا بووە کە لە مەریەم دا (بەرجەستە بووە)، وە عیسا ڕۆح و گیانێکی (تایبەتیە) لەلایەن خواوە بەخشراوە، دە ئیتر باوەڕی دامەزراو بە خوایەتی و خوا و بە پێغەمبەرانی بێنن، هەرگیز مەڵێن (خوا) سیانە، (لە گوفتارە نابەجێیە) واز بێنن قازانجاتانە چونکە بەڕاستی خوا تەنها یەك دانە خوایە، پاك و بێگەردەو و دوورە لە هەموو کوم و کوڕیەکەوە (بوختانی ناقۆلای وا چۆن دەکەن) ئەو چۆن مندالّی دەبێت؟! هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەمووی ئەو خاوەنیانە، بێگومان خوا بەسە کە بەدیهێنەرو سەرپەرشتیاری (دروستکراوانی بێت).

لَّن يَسْتَنكِفَ الْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلّهِ وَلاَ الْمَلآئِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيهِ جَمِيعًا (172)

هەرگیز مەسیح لاری لەوە نیە کە بەندەی خوا بێت هەروەها فریشتە نزیکەکانیش ئەوە لاری و سەرپێچی بکا لە پەرستنی خوا خۆی بە زل بزانێت، ئەوە (با دڵنیا بێت کە) هەموان (لە ڕۆژی قیامەتدا) لای ئەو زاتە دەبێت کۆببنەوە.

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَيَزيدُهُم مِّن فَضْلِهِ وَأَمَّا الَّذِينَ اسْتَنكَفُواْ وَاسْتَكْبَرُواْ فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلُيمًا وَلاَ يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللّهِ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا (173)

(جا ئەو کاتە) ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ئەوە خوا بە تەواوی و بەچاکی پاداشتی دەداتەوەو فەزڵ و بەخششی تایبەتی و زۆرو زەبەندە بەهرەوەریان دەکات، بەڵام ئەوانەی کە سەرپێچی و لاریان کردووەو خۆیان بە زل زانیوە سزای زۆر بە ئێشیان دەدات، ئەسا بێجگە لەخوا کەسێکیان دەست ناکەوێت کە پشتیوانیان لێ بکات و فریایان بکەوێت (ئەڵبەتە ئەو زاتەش بەزەیی پیایاندا نایەتەوە).

يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا (174)

ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراتان بۆ هاتووە (کە محمد صلى الله عليه وسلم پێغەمبەرە)و نوورو ڕووناکی یەکی ئاشکراشمان بۆ دابەزاندون (کە قورئان)ە.

فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ بِاللّهِ وَاعْتَصَمُواْ بِهِ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِّنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا (175)

جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوەو پشتیان بەو بەستووەو شوێنی بەرنامەکەی کەوتوون لە ئایندەیەکی نزیکدا دەیانخاتە ژێر سایەی فەزڵ و ڕەحمەتی تایبەتی خۆیەوە وە هیدایەت و ڕێنمویی یان دەکات بۆ لای خۆی لە ڕێگەی ڕێبازێکی ڕاست و دروستەوە.

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلاَلَةِ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ فَإِن كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِن كَانُواْ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَاء فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّواْ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (176)

داوای فتوات لێ دەکەن و پرسیارت لێ دەکەن (دەربارەی کەسێك کە باوك و نەوەی بێت) تۆش بڵێ خوا وەڵامتان دەداتەوە لەو بارەیەوە، ئەگەر کەسێك (پیاوێك) وەفاتی کردوو منالی نەبوو، هەر تەنها خوشکێکی هەبوو ئەوە نیوەی سامانەکەی بۆ ئەوە، (نیوەکەی تریشی دەخرێتە بیت المال) ئەگەر هەبێت، وە ئەگەر نەبوو لە بەرژەوەندیەکی گشتیدا بەکار دەهێنرێت، (بەڵام ئەگەر مردووەکە ئافرەت بوو) ئەوا براکەی هەموو میراتیەکەی دەبات، ئەگەر ئافرەتەکە منالی لەدوا بەجێ نەمابوو (پیاوە مردوەکە) دوو خوشکی لەدوا بەجێ مابوو، ئەوە دوو بەش لە سێ بەشی سامانەکەی بۆ ئەوان دەبێت، خۆ ئەگەر میراتگران خوشک و برا بوون و لە پیاوان و ئافرەتان پێك هاتبوون ئەوە نێرینە دووبەشی مێینە دەبات، خوای گەورە ئەم شتانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە تا سەرتان لێ نەشێوێت، چونکە خوای گەورە بە هەموو شتێك زانایە.